# تورکیا" گفتی پێوەری ئۆروپایی دەدا

لەدوو هەفتەی رابردوودا ، لەلایەکەوە بەهۆی تاوتوێ کردنی یاسای (فەحشا) لەپەرلەمانی تورکیادا، هەڵلاو بگرەیەکی زۆر نرایەوە. لەلایەکی دیکەشەوە، فشاری یەکێتی ئۆروپاش بۆسەر تورکیا، حکومەتی تورکیای دووچاری شڵەژانێکی سیاسی کرد.

هەفتەی رابردوو، فشاری یەکێتی ئۆروپا لەسەر زاری (گونتر فیر هویگن) کەبەرپرسی پەرە پێدانی یەکێتی ئۆروپایە، بەرادەیەك بوو، نائومێدی لەناوەندە سیاسییەکانی تورکیاو میدیاکانیان دا، لێکەوتەوە. بەتایبەتی لەسەر ئەو پێوەرانەی مافە مەدەنییەکان کەدەبێ تورکیا بیسەلمێنێو کەسەلماندنیشی، دەبێ، یاساو رێسای خۆی لەسەر مۆدێلی یاساو رێسای ئۆروپا بسازێنێ. پێوەرە مەدەنیەکانیشی، بەپێوەری (کۆبنهایگن) ناوبانگی هەیە کەدەقاو دوق پرنسیپەکانی ئاوا دارێژراون:

ئابووری بازاری ئازاد، دەوڵەتی یاسا، دیموکرات لیبراڵی، رێزگرتنی مافی مرۆڤو مافی کەمینەکان. ئەم مەرجانە، مەرجی پێوەختی وەرگرتنی تورکیان.

ئەم بگرەو بەردەییە، لەپارەوە، زۆر گەرمتر لەساڵانی رابردوو، بۆتە خولیای سیاسی حکومەتی ئۆردوغان. بەگەرمی کار بۆ وەرگرتنی تورکیا دەکەن لەیەکێتی ئۆروپاو بازارە هاوبەشەکەیدا. ئەمەش پێچەوانەی سیاسەتی حکومەتی (نەجم الدین ئەربەکان) بوو، کەهەوڵی دەدا لەگەڵ حکومەت ئیسلامییەکاندا نزیك بکەوێتەوە، بەڵکو لەو رێگەیەوە ئۆروپا بترسێنێو کێشەکە چارەسەر بکات.

ئۆروپا، نەکەوتە ئەو تەپکەیەی کە حکومەتی ئەربەکان بۆی نایەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە، یەکێتی ئۆروپا ئەو کاتە فشاریان زیاتر خستەسەر تورکیا. ئەگەر ئەو هەڵەیەی (ئۆجەلان) نەبوایە کەبەئاسانی خۆی خستە داوی مخابەراتی (ئەمریکا – میت)و پەلبەستیان کرد، سێ ساڵ لەمەوبەر، لەژێر فشاری ئۆروپادا کێشەکانی ناو تورکیا زیاتر قوڵ دەبوون.

وادیارە .. حکومەتی (ئۆردوگان) زۆر زیرەکتر لەحکومەتی (ئەربەکان) بەرنامە دادەرێژێ. ورد تریش هەنگاو هەڵدەهێنێ. مامەڵەی دیبلۆماسیو سیاسی ژیرانەش لەگەڵ ئۆروپادا دەکەن. هەفتەی رابردووکەفشاریان لەسەر یاسا قەدەغەکردنی (فەحشا) لەسەرزۆر بوو، توانییان زیرەکانە پاشەکشە بکەنو کەمەکەمەش، ئەو فشارە لەسەر خۆیان کەم بکەنەوە. کاریان گەیاندە رادەیەك، (٢٠٠٤/١٠/٥) لەبرۆکسل دا، لەگەڵ راسپێردراوی ئۆروپا بۆ کاروباری پەرەسەندن (فیر هویگن) هەمان ئەو کەسەی فشاری توندی لەهەفتەی رابردوودا دەخستەسەر تورکیا، (رەجەب تەیب ئەردۆگان) خۆی لەگەڵیدا دانیشتو رایان گەیاند کەگرفتەکانیان چارەسەر کردووەو ئۆروپاش مەرجی نوێیان ناسەپێنێتەسەر. هەواڵەکانیش وایان راگەیاند کەراسپێردراوی ئۆروپا نزیك کەوتونەتەوە بۆ دەست پێکردنەوەی وەرگرتنی تورکیا لەیەکێتی ئۆروپادا. ئەگەری ئەوەش هەیە کەئەگەر تورکیا لەو بەڵێنانەی بۆ چاکسازی داویەتی پاشەکشە بکا، گفتوگۆکە هەڵدەپەسێردرێ. هەتا ئێرە قسە لەسەر کردنەوەی دەرگای گفتوگۆیە. بەڵام ئەو دەرگایە کەکرایەوەو گفتوگۆکە دەستی پێکرد، وردەکاریو مەرجەکان دەست پێدەکاتەوە.

کاربەدەستانی یەکێتی ئۆروپا، هێشتا توندن پێشیان وایە ساڵی (٢٠١٥) تورکیاش دەتوانێ تەواوی مەرجەکانی ئەندامێتی یەکێتی ئۆروپا جێبەجێ بکا. کاربەدەستی نوێی ئۆروپاش (ئوللی رین) کەلە تشرینی دووەمدا جێگەی (فیر هویگن) دەگرێتەوە، وای دەبینێ کەوا: (بەردەوام دەبێ چاودێری تورکیا لەبورای مافی مرۆڤو مافی کەمینەکان بکرێ )، گوتوشیەتی: قبوڵ کردنی تورکیا ئاسان نییە. ئەمە دەبێتە دابەشکردنی رایگشتی ئۆروپا.


ئەم قسانە، درێژەدانی سیاسەتی یەکێتی ئۆروپایە لەسەر تورکیا. ئەمەش دەیسەلمێنێ کەوا ئۆروپا، بریارێکی ستراتیژی لەسەر تورکیا هەیە. بریارەکەش لەوە ناچێ، هەتا دوا مەرجەکانی ئۆروپا لەلایەن تورکیاوە جێبەجێ نەکرێت، بگۆردرێ.

لەم میانەدا، دیسان کێشەی کورد، گرێیەکی سیاسی گەورەی کێشمەکێشەکەیە. بەتایبەت، جگەلەوەی (ئوللی رین) باسی چاودێری سیاسەتی تورکیای کردووە بۆ مافی کەمینەکان، هەر ئەو رۆژەی کۆبونەوەی برۆکسل لەنێوان (ئۆردوگان) و (فیر هویگن)دا کراوە، رێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ (هیومان رایتس ووتش) لەبەیاننامەیەکی توندی خۆیدا، لەبەشێکی دەڵێ: گەرانەوەی سەدان هەزار ئاوارە بەهۆی جەنگی هێزەکانی تورکیا وجەنگاوەرە کوردەکان ئاوارە بوون. هەروا، لەبەیاننامەکەدا، باسی ئەو مەترسیانەش کراوە کەلەسەر کەمایەتییەکان لەتورکیادا هەیە. رەخنەش لەماوەی کەمی بەرنامە کوردییەکانی تەلەفیزیۆنو ئیزگەکە بەزمانی کوردی مۆڵەت دراوە، گیراوە.

ئەگەر ئەم ئاماژە سیاسیانە، یەکێکیان هی یەکێتی ئۆروپا، ئەوەی دیکەشیان رێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ کەلە ئەمریکایە، تەمومژ لەوەدا ناهێڵن کەکێشەی کورد لای رۆژئاوا، گرنگترین مەسەلەی سیاسییە لەناو تورکیادا. تورکیاش باش دەزانێ کەئەم کێشەیە چەند قورسە لەسەر شانی. هەر بۆیە، حوکمی ئیعدامیان لەسەر (ئۆجەلان) هەڵگرتو مۆڵەتی نیو سەعات زامنی کوردیشیان دا لەتەلەفیزیۆنو ئیزگەدا، لەیلا زانا و هاوەڵەکانیشیان ئازاد کران. بەڵام.. هێشتا زۆری ماوە. رۆژئاوا ئەو ستراتیژەی هەیەتی بۆ تورکیاو بۆ کوردستان، زۆر لەو دەستکەوتانە زۆرترە. جگەلەو بریارانەی (کۆبنهایگن) یەکێتی ئۆروپا، حەوت مەسەلەی بنەرەتی کەپێش بەستنی کۆنگرەی لوتکەی یەکێتی ئۆروپا، لەتورکیایان پێچاوە جێبەجێی بکات. ئەو حەوت خاڵەش ئەمانەن:

١– چاکسازی دادوەری.
٢–گەرانەوە بۆ گوندەکان.
٣–کێشەی بەردەوامی ئەشکەنجە.
٤– ئازادی ئایینی.
٥– مافی ژنان.
٦– کێشەی کورد.
٧– بەهێزکردنی دەسەڵاتی مەدەنی لەحکومەت دا.

لەکاتێکدا ئۆروپا ئەو مەرجانەی داناوە،باشیش دەزانن تورکیا لەچ دۆخێکی سیاسیو بارێکی ئابووریو کۆمەڵایەتیدان. بۆیە، ئۆروپا، پەلەیان نییە تورکیاش هەڵپەیانە. لەم کێشمە کێشەیەدا، چلایەك سەر دەکەوێ، هەڵبەتە ئەو لایەی بریاری بەدەستەو باڵا دەستە.



# لەرۆژهەڵاتەوە

سەعید محەمەد

## تۆتالیتاریانیسمی ئیسلامو سیستەمی ( خوا چاودێر)ی

**( گۆڕان تەنیا شتێکە هیچ کات ناگۆرێت )**

پێناسەیەکی زەوی ناسانەیە لەگۆڕان

کە سەیرێکی تەمەنە کۆنەکەی مرۆڤ بکەینو هەرلەسەرەتای چاخی بەردەوە تادەگاتە دروست بوونی یەکەم مەدەنیەتەکان، لەوێشەوە تائەگاتە ئەم سەردەمی قەیرانو جەنگەی ئێستاوە، بەردەوام بەشە جیاجیاکانی پانتایی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ گۆرانی بنەرەتی بەرسەردا هاتووە، چەندەها سیمای نوێ بەرەو روی ئێستاو داهاتووی کردۆتەوە.

ئەوەی جێگەی سەرنجی ئەم باسەیەو لەم سۆنگەیەوە ئەروانێتە گۆرانکاییەکان، ئەوەیە کەبەردەوام لەسەر دەستی ئەقڵی ئازادەوە، سیستەمە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکان لەقەوارەیەکی تاكو رەهەندی تاکە دەنگیو تاکە دەسەڵاتییەوە، گواستراونەتەوە بۆ سیستەمێکیچەند رەهەندی، چەند دەنگیو چەند دەسەڵاتی.

کە ئاورێکی خێرا لەگۆرانەکانی ئەدەب بدەینەوە، ئەبینین کەسیستەمی کلاسیكو ئوستورەیی بەرەبەرە گۆرەپانیخواکان بەجێ ئەهێڵێتو ئەگاتە دنیای نێو کلاسیكو رۆمانتیسمو پاش چەند گۆرانێکی هەمە لایەنە ئەگاتە خەیاڵو زەینی تاکێتی مرۆڤی سوورە ئاڵەکانو دواتر ئەگاتە سنوری بێ ئۆقرەییو سەرشێتی. پاشبنەما خوازیوپاش مۆدێرنەکان، کەسەیری دنیای سیاسەتو گۆرپانیشاکانو گەورە ئیمپراتۆریەتەکان بکەین، ئەبینین کەسیستەمە خوا سوڵتانیەکان، لەگەڵ بەرینترین جوگرافیاکانەوە، کەسنوری چەندەها نەتەوەی بەزاندبوون تێك ئەشکێنو لەئیمپراتۆریەتی رۆما، چین، ئێران، عوسمانیەکانو دواتریش سۆڤیەت، سەدان وڵاتی سەربەخۆ لەسەر کوڵەکەی جیاوازییەوە دێنە بازنەی گۆرانکارییەکان.

بەبێ ئەوەی باس لەنمونەکانی تر بکەین ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کەرۆحی مرۆڤ چەندە حەزی لەوەیە، کەبەجیاواز سەیر بکرێتو خەیاڵی مرۆڤ چەندە بەدوای ئەوەدا وێڵ بووە کەخۆی لەژێر رکێفو کاریگەری ئەو هێزانەدا رزگار بکات کەبەردەوام بەدوای هاوبەش کردن لەژیانێکیلەیەك چوو، خۆزگەیەکی لەیەك چوو، مەرگێکی لەیەك چوودا هێڵە سوورەکانی خۆیان پەروەردە کردووە، بەڵام کاکڵەی ئەم باسە لێرەدا دەردەکەوێت کەئاستی گۆرانکاریەکان لەپەیوەندی لەگەڵ دەسەڵاتە ئاینییەکان بەتایبەتی حکومەتە ئیسلامییەکانو هێزە ئیسلامگەرەکانەوە چەندە سەقەت بووە.

ئەم حکومەتانە، ئەم هێزانە بەردەوام هەوڵی ئەوەیان داوە کەهەموو دەنگێكو هەموو رەهەندێك، لەرەشخانەی تاك رەهەندیو تاك دەنگیو (خوا چاودێر)ی خۆیاندا کۆبکەنەوەو رۆحی جیاوازێتی مرۆڤ بکوژن. ئەم نوسینە بەچەشنێکی شیکاری هەموو بنەماو سیماکانی ئەم ئاینە تێك ناداتەوە، بەوە قەناعەت دەکات کەحکومەتە ئیسلامییەکانو هێزە ئیسلامگەرەکان بۆ قوڵکردنەوەی دەسەڵاتی رەشی تۆتالیتاریانیسمی خۆیان، بورهانو مەعریفەو عەقڵانیەتی خۆیان ئەبەستنەوە بەئیسلامێکەوە، کەکەس بۆی نییە جیاواز بیر بکاتەوەو دەنگی خۆی بەرەو روی دەنگی ئەو مەعریفە نەگۆرو هەتاهەتاییە بەرز بکاتەوە.

ئەم تۆتالیتاریانیسمی ئیسلامییە، لەشەخصی ترین کردەوەوە تا گشتیترین کردەوە، بەئەخلاقی خۆی ئەخوێنێتەوەو کەس ناتوانێت لەم یاسا خواییانە دەرباز بێت. واتا ئەو سیستەمی ئیزنی دەنگو چاودێری بابەتە گشتییەکانو کۆمەڵایەتییەکانو تەنانەت چۆنیەتیرەفتاری نێرینەو مێینە لەچوارچێوەی دەسەڵاتو عەقڵی خۆیدا دەبینێتەوەو بەچەندەها شێوازی رەشەوە ئەو ئەخلاقە ئەگوازێتەوە نێو ژیانی کۆمەڵگا.

لەئاوەها سیستەمو کۆمەڵگایەکدا کەس ناتوانێت باسی کۆمەڵگای مەدەنیو دیموکراسیو ئازادی بکات، لەراستیشدا دروستبوونی ئەم دیاردە کە لە، نەمانی ئەو سیستەمەیە. چاودێری کردنی کردەوەکانی خەلیفەکانی خوا، بەزاندنی سنورو هەرێمی خوایەو گوناهێکە نابەخشرێت. ئەم سنورە بەردەوام هەرێمی قوربانی کردنی دەنگە جیاوازەکانەو جیاوازێتە ئەخلاقێکی شەیتانیە، ئەبێت لەرۆحی مرۆڤدا بمرێت.

لەلایەکی تریشەو ئەکرێت حکومەتو دەسەڵاتێك، ئایینیو ئیسلامی نەبێت، بەڵام هەوڵی سرینەوەی جیاوازی بداتو تاکێتی مرۆڤ لەبەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتی خۆیدا بنێژێت، بەڵام ئەوە بەمانای نەگۆرینی ئەو سیستەمانە نین، مادامێکە عەقڵانیەتەکەی ئاسمانیو میتافیزیکی نەبێتو لەسەر چوارچێوە مەعریفیەکانی خاکدا نوسرابێت، بێگومان گۆران مەرجی نەگۆریی ئەو پرنسیپەیە. بەڵام ئایین، دەسەڵات لەسیستەمێکی هەتاهەتاییەوە وەرئەگرێتو لەبازنەیەکی ئەزەلیو ئەبەدیدا ئەگەرێتو شەرعیەتی بەستراوەتە عەقڵیەتێکی نائێرەییو رێبەرانیشی لەو بیروباوەرەدان کەعەقڵیەتێکی ئێرەیی زۆر لاوازە لەخوێندنەوەو تێگەیشتنو دواجاریش لەگۆرانی ئەو، واتە درۆزنانەیەو بانگەوازی دیموکراسیو کۆمەڵگەی مەدەنیو سیستەمی چەند دەنگیو لایەنە رەخنەییو روناکبیریەکانی چاودێری لەنێوان هەزموونی حکومەتە ئیسلامییەکانی ئەم ناوچە خوارێژ کراوەو تاك نێژ کراوەدا.

# چەند بیر و بۆچوونێك لەمەڕ فیدرالیسم

**ن: ناصر ایران پور ـ و: ئامانج عەزیزکەندی (رۆژهەڵاتی کوردستان)**

لە وەڵامدانەوە بەم پرسیارە کە فیدرالیسم چییەو سیستەمی فیدراتیو چ پێناسەیەکی هەیە, دەبێ بوترێ کە فیدرالیسم بە بنەمای ئەم رێکخستنە حکومەتیە دەوترێ کە لە سەرئەو بناغانە جێگیرە:

– وڵات پێکدێ لە یەکەیەکیسیاسی یەکگرتوی سەراسەری (حکومەتی فیدراڵی) و کۆمەڵێك یەکەی سیاسی ناوچەیی واتە(حکومەتە هەرێمیەکان).

– هەم حکومەتی فیدراڵو هەم حکومەتە هەرێمیەکان دەبێ خاوەنی یاسای سەربەخۆی خۆیان بن، ئەرکی هەردو ئاستەکان دەبێ بەوردی دیاری کرابێ و ئاشکرابێ.

هەم حکومەتی فیدراڵو هەم هەر کام لە حکومەتە هەرێمیەکان دەبێ خاوەنی رێکخراوەی تایبەتی خۆیان بن، وەك پارلمان، ئەنجومەنی حکومەت, وەزارەتخانەکانو سیستەمی بەرێوەبەرایەتی.

ماف و دەسەڵاتی یاسایی حکومەتی فیدراڵو بەتایبەتی حکومەتە هەرێمیەکان, دەبێ لە یاسای سەرەکی وڵاتدا مسۆگەرو زامن کرابێ، لەراستیدا گرنگترین کاراکتەری سیاسی سیستەمی فیدراڵیستی ئەوەیە کە,نەحکومەتی فیدراڵو نەپەرلەمانی فیدراڵ نەتوانێ بوونو مافی حکومەتە هەرێمیەکان بباتە ژێر پرسیار یاخود مافەکانیان بەرتەسك بکاتەوە. هەروەها پەرلمانو حکومەتەکانی هەرێمیش نابێدەسەڵاتێکی ئەوتۆیان هەبێ سەبارەت بە حکومەتی فیدراڵ. گۆڕینی یاسای سەرەکی وڵات نابێ بێرەزامەندی دوولەسێی نوێنەرانی پەرلەمانی فیدراڵو هەرێمەکان بکرێو بشێ.

سەرەرای حکومەتی فیدراڵ حکومەتە هەرێمیەکانیش دەبێ خاوەنی سەربەخۆیی ئابووریو وەرگرتنی ماڵیاتو غەرامەبن.

سەربەخۆیی گشتی هەرێمەکان لەبواری فەرهەنگیدا دەبێ مسۆگەر وپارێزراوبێ. پەروەردەو فێرکردنو سیستەمی زانکۆ دەبێ تەواو فیدراڵیزە بکرێنو هەر هەرێمێکی فیدراڵ خاوەنی سیستەمی پەروەردەی سەربەخۆی خۆی بێ.

هەرێمەکان دەبێ بتوانن لە رێگەی رێکخراوەیی کاریگەریان هەبێ لەسەر سیاسەتی پەرلەمانی فیدراڵ لەئاستی سەرتاسەریدا، هەروەها خاوەنی شێوازێك بن بۆ کۆنترۆڵ کردنی حکومەتی فیدراڵ، بۆ نمونە لە رێگەی "شورای پارلمان"ەوە کە پێکهاتەیەك دەبێ لەنوێنەرانی حکومەتە هەرێمیەکان, گرنگترین یاساکان کەپەرلەمانی فیدراڵ پەسەندی دەکا, دەبێ ئەم لیژنەیەش پەسەندی بکا.

دەزگای یاساو ئاسایش دەبێ فیدراڵی رێکبخرێنو هەر هەرێمێك دەبێ خاوەنی دەزگای یاساو ئاسایشی خۆی بێ. هەر هەرێمێك دەبێ بۆ خۆی یاساکانی سزاو تەمبێی خۆی پەسەند بکاو بە گشتی مافو دەسگای یاسایی خۆی هەبێ.

هێزی چەکداری فیدراڵ نابێ بەهیچ شێوەیەك مافی دەست تێوەردانی ناوخۆی هەبێ. نابێ بەبێ ئاگاداریو رەزامەندی پەرلەمانی فیدراڵو حکومەتە هەرێمیەکان هێزە چەکدارەکان بەکار بهێندرێن. رەوتی ئاساییو ئیدئاڵ ئەوەیە کەلەهەنگاوی یەکەمدا ئیجباری(عەسکەری) لەحاڵەتی زۆرەملی بێتەدەرو دڵخواز بێو لەهەنگاوی دوهەمدا هێزیچەکدار هەڵوەشێتەوە. بەهەرحاڵ نابێ هیچ کەس بە زۆرەملیو بێخواستی دەروونی خۆی عەسکەری پێبکرێو بەرێی دورەدەستان بکرێ.

راگەیەنە گشتییەکان (رادیۆو تەلەفزیۆنەکان) دەبێ لەژێر چنگی حکومەت بێنەدەرو بەشێوەی فیدراڵ رێکبخرێن. بەو متمانەیە کە هەر هەرێمێك جیاواز لە ناوەند, دەبێ خاوەنی رادیۆو تەلەفزیۆنی سەربەخۆی خۆی بێ. تەلەفزیۆنی سەرتاسەری دەبێ بە گشتی چەند زمانەبێو پێکهاتبێ لەو بەرنامانەی کە لە تەلەفزیۆنە هەرێمیەکانەوە بۆی دروست کراوەو بەرهەمی ئەوانە.

نابێ دەزگاو دائیرە گرنگەکانی فیدراڵ لەناوەند کۆبێتەوە, بەڵکو دەبێلە سەراسەری وڵاتدا بڵاوببنەوە. لە هەر هەرێمێکی فیدراڵیدا دەبێ کۆمەڵێك دائیرە دامەزرابێ، ئەو دائیرانەش پەیوەندیدار بن بە گشت وڵاتەوە نەك بەو هەرێمە کە حکومەتی هەرێم ئیدارەی دەکا.

لە سەرتاسەری وڵاتی فیدراڵیدا زمانی زۆرەملیو سەراسەری لەژێر ناوی "زمانی رەسمی"دەبێ هەڵوەشێتەوەو گشت زمانەکانی وڵات دەبێ ببنە خاوەنی بایەخو رێزێکی یەکسان. لەگشت وڵاتدا دەبێ حکومەت خەرجو موخارجی پێویست بۆ خوێندنی زمانی دایکیی یالانی کەم بۆ پەروەردە کردنی زمانی دایکیی دابین بکا. بۆ نمونە ,ئەگەر منداڵێکی تورکی ئازەری لەئەسفەهان بچێتە مەکتەب، هەرێمی ئەسفەهان دەبێ خەرجی پەروەردەی زمانی ئازەری دابین بکا, لەحاڵێکدا ئەگەر بنەماڵەکەی خوازیاری ئەوە بن.

پرسیاری دووەم ئەوەیە کە فیدراڵیسم لە وەڵامدانەوە بە چ پێویستیەك دێتە ئاراوە. لە ئەدەبیاتی تایبەتی ئاماژەپێکراودا زۆرجار بەڵگەی سەرەکی دێننەوە بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی فیدراتیو:

١–بەڵگەی مێژویی: هەندێك لە وڵاتەکان هەر لە مێژوودا دەسەڵاتیان لە جێگایەك کۆنەبۆتەوە، پێکهاتەیەك بوون لەیەکە جیاوازەکان لەو رەهەندەدا رەنگە بکرێ ئاماژە بکەین بە ئاڵمان, بەلژیك, سویسو ئێران. ئەو وڵاتانەی کەناوم بردن جگەلە ئێران بۆ پێکهێنانی سیستەمێکی سیاسی یەکگرتوو, سیستەمی فیدراتیویان دامەزراند. لەگەڵ ئەوەی سەرنجو وەڵامدانەوەیەکی بەجێگا بوو بەخواستە ناوچەییەکان, یەکەیەکی سیاسی گەورەتریشان لەنێو خۆیاندا پێکهێنا. لەئێران سەرەرای بوونی پێکاتەی فرە نەتەوەییو بزوتنەوەی بەهێزی ناوچەیی، درێژەدرا بەرێگایەکی دیکە, ئێران حکومەتی فەرەنسای کردە سەرمەشق کەهەر لەمێژوودا حکومەتێکی دەسەڵات ناوەندی بوو، هەڵبەت توخمە دیموکراسیەکانی پەیوەندیدار بەو حکومەتەش لەئێران سرایەوە.

٢–هۆکاری بەرین بوونی جوگرافیایی: ئەو وڵاتانەی کەپانتاییان زۆربوو, کەوتنە هەوڵدانی دۆزینەوەی شێوازێك بۆ بەرەورووبوونەوەی خێراو کارا لەگەڵ کێشە ناوچەییەکان, بە هۆی ئەوەی کەفیدراڵیسم پێکهاتەیەکە لەحکومەتە هەرێمیەکانو حکومەتی فیدراڵ, کەنەداو ئەمریکاو هیندو رووسیا ئەم رێگەیان گرتە بەرو فیدراڵیسمیان دامەزراند.

٣–هۆکاری بوونی نەتەوەکانو بزوتنەوە نەتەوەییە جیاوازەکان: نزیکەی ٩٠ لەسەدی وڵاتانی دونیا خاوەنی پێکهاتەیەکی فرە نەتەوەیین. لە هەندێك لەم وڵاتانەدا خەبات بۆ بەدەست هێنانی سەربەخۆیی سیاسی لە ئارادایە.

بۆ پێشگیری لەهەڵوەشانەوەی ئەم وڵاتانەو وەڵامدانەوەیەکی شیاو بەداخوازی ئەم بزووتنەوانە, فیدراتیو خرایە روو، بەمەش رێگەیەکی سێهەم هەڵبژێردرا. ئەم نموونانەی کەبۆ بەشی یەکەم خرایە روو بۆ ئەمەش دەیخوا. ئەوە زۆر سەرنج راکێشە کەئێران هەر کەسێك پێناسەکەی هەیە بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی فیدراتیو" ئێران هەم لە مێژوودا هەڵگری کۆبونەوەی دەسەڵاتی ناوەندی نەبوە, هەم خاوەنی بەرینایی پانتاییەکی زۆری جوگرافیەو هەم خاوەنی زۆر بزوتنەوەی واقعی بەهێزیشە.

کەم کەس هەیە کۆك نەبێ لەسەر ئەوەی کە پێکهاتەی نەتەوەیی ئێران فرەچەشنیە. ئێستا هەندێك کەس پەیوەندیو تێکەڵاوی نەتەوە ئێرانیەکان گەورە دەکەنەوە, بەڵام هەندێکی دیکە سەرەرای سەلماندنی ئەم تێکەڵاویە لەسەر خواستە نەتەوەییو دیاریکراوەکانی نەتەوەکانیش جەخت دەکەن. بە هەرحاڵ ئەگەر چاوپۆشی بکرێ لەبیرو راکانی ئێمە سەبارەت بەکێشەی نەتەوەیی، ئەم کێشەیە هەروا یەکێکە لەکێشە گەورە دەست لێنەدراوەکانی ئێران. بۆ هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ئەم کێشیە, دەکرێ زۆر وەڵامو رێگاچارەی جیاواز بێنە ئاراوە:

١–لەبەر چاو نەگرتنو رەدکرنەوەی ئەم کێشەیە, لەگەڵ ئەوەشدا جەخت کردنو پاراستنی یەکپارچەیی سیاسی دەوڵەتی لەسەر بنەمای حکومەتی دەسەڵات ناوەندی.( جەخت کردن لەسەر "یەکپارچەیی جوگرافی" و یان "یەکیەتی چینی کرێکار").




٢– رازی بوون بەمافی سەربەخۆیی دەوڵەتی بۆئەو نەتەوانەی کەلەگەڵ ئەو کێشەیە بەرەو روون.(لە سەر بنەمای بە رەسمیەت ناسینی"مافی چارەیخۆنووسین").

٣–دامەزراندنی سیستمێکی فیدراتیووچوونە سەردۆخی سرینەوەی دەسەڵاتی ناوەندی لە پێکهاتەی حکومەتیدا.

بە بڕوای نووسەری ئەم دێرانە, رێگای سێهەم گونجاوترینو مەنتقیترینو کاراترین رێگەیە کەئێمە لەئێران دەتوانین هەڵیبژێرین. هۆی ئەولایەنگریەشم – بەشێکی دەگەرێتەوە بۆ بیرو راکانی Meerwaldt kerstin , Ursula Munch کە لە ژمارەی ٢٠٠٢/٢٧٥ گۆڤاری " zur politischen " دا لە ژێر ناوی "تایبەتمەندیەکانی فیدراڵیسم" گردوکۆ کراون – کە ئەویش بەم شێوەیەن کەلە خوارەوە دێن:

*گەورەترین ئەرکەکانی هەر سیستمێکی فیدراتیو لەوڵاتێکی فرە نەتەوەییدا بریتین لە: سڕینەوەی ناوەندگەرایی لە دەسەڵاتی سیاسیدا, دابەش کردنی ئەستوونی دەسەڵاتی سیاسی لەنێوان حکومەتە فیدراڵە هەرێمیەکان, ساغکردنەوەی دابەش بوونی وڵات لە سەر بنەمای پێویستیو خواستی نەتەوەکانی پێکهێنەری وڵاتو دامەزراندنو پێکهێنانی کۆمەڵێك یەکەی سیاسی لەنەتەوەکان لەچوارچێوەی یەکەیەکی سیاسی گەورەتردا, کە ئەوە پێی دەوترێ سیستەمی فیدراتیو. بەم مانایە سەرەکیترین پەیامی فیدراڵیسم لە کۆمەڵگای فرە نەتەوەو فرەچەشندا وڵامێکی گونجاوە بۆ کێشەی نەتەوەیی.

ئەزموونی مێژوویی ئەو وڵاتانەی کە پێکهاتەی سیاسیان دەسەڵات ناوەندیە نیشانیداوە کە مادام وڵاتێك پێکهاتەیەکی نەتەوەییو چەند زمانەی هەبێو سیستمێکی فیدراتیو لەخۆ نەگرێ, درەنگ یا زوو هەڵدەوەشێتەوە. نموونەی یۆگۆسلاوی پێشوو دەریخست کە هەڵوەشاندنەوەی سیاسەتو شێوازە فیدراتیوەکانو پەیرەوکردنی سیاسەتە شوێنیستیەکان چ داهاتوویەکی دەبێ. لەلایەکی دیکەشەوە ئەزموونی دەوڵەتە نەتەوەیەکان لەزۆر شوێنی دونیا نیشانیداوە کە سەربەخۆیی سیاسیو دامەزراندنی حکومەتی جیاش, هەموو گیرو گرفتەکانی چارەسەر نەکردووە. دەبینین کە لە ئەورووپا دوای چەندین سەدە شەڕی خوێناویو راستیەکانی حکومەتە نەتەوەییە سەربەخۆکان, کۆمەڵگای ئەو کیشورە لەچوارچێوەی بڕیارنامەی ئابوری, ماڵیو سیاسی (یەکیەتی ئەورووپا) رۆژ لەگەڵ رۆژ لەیەکتر نزیك دەبنەوە, لە بەرئەوەی ئەوان تێگەیشتوون کە لە دونیای ئێستای ئێمەدا کۆمەڵێك گیروگرفت هەن کە ناتوانن لە ئاستی نەتەوەییدا چارەسەریان بکەن. بەو هۆیە ئەوان شێوە کۆنفیدراسیۆنێکیان پێك هێناوە کە بەرە بەرە دەبێ بە فیدراسیۆن. ئێمە لە هەمان کاتدا کە لە ئەورووپا شاهیدی لێك نزیك بوونەوەی وڵاتەکانین, هەر لە هەمان کاتیشدا دەبینین کە بەردەوام بە قازانجی ناوچەو حکومەتە هەرێمیەکان لەدەسەڵاتو هێزی حکومەتە ناوەندیەکان کەم دەبێتەوە, تا ئەو جێگایەی کە ئەورووپایان ناو ناوە(ئەورووپای ناوچەکان). تەنانەت لەناو وڵاتانی وەك فەرەنساشدا کە هەمیشە وەك سونەت دەسەڵاتی ئەوەش لە ناوەند کۆبۆتەوە, شاهیدی گەشە پێدانی شێوازەکانی فیدرالیستین. لەبەرئەوەیە کە فیدراڵیسم وەڵامدەرەوەیەکی ژیرانەو دووربینانەیە بەکێشەو خواستە نەتەوەییەکانی کۆمەڵگا, لە ناوخۆو نێوان وڵاتە جیاوازەکاندا.

بۆ لاپەرە (١٥)

Institut kurde de Paris

## کتێبخانەی گشتی دەربەندیخان

# لەنێوان هۆڵی چۆڵ و دەنگە دەنگی زۆردا

ئاراز عبدالرحمن محمد ـ دەربەندیخان

کتێبخانەی گشتی دەربەندیخان لە ساڵی ١٩٩٨ دامەزراوە، پاشان لەلایەن بەڕێز (مام جەلال) ەوە (٦٨٠) کتێبی بۆ دابینکراوە سەرەتا لەژورێکی بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری کەرکوك دا بوو پاشان لەبینایەی بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری دوو ژوورو دوو قاعە نۆژەن کرایەوە وە لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیری‌یەوە کرا بە (کتێبخانەی گشتی کەرکوك).. وە لە بەرواری ٦/١٨ی ئەم ساڵ بە فەرمانی وەزاری بوو بە (کتێبخانەی گشتی گەرمیان) وەگوێزرایەوە بۆ شارۆچکەی کەلار.. ئێستا تەنها کتێبخانەی گشتی دەربەندیخانە..

لەسەر دانماندا بۆ کتێبخانە سەرەتا لەمەدخەلێکەوە دەچێتە ژوورەوە یەکسەر دەچیتە ئەو هۆڵەی کەهۆڵی خوێندنەوەیەو راڕەوی فەرمانبەرەکانە واتە راڕەوی فەرمانبەرەکانە لەنێوان هۆڵی کتێبخانەو ژوورەکانی کەسی لێ نەبوو تەنها فەرمانبەرەکان نەبێت کە کورسیەکان بەچاکی ریزکرابوو.. لەپڕ (لوقمان عبدوڵڵا) کە خوێندکارێکی دواناوەندی بوو هاتو رۆژنامەیەکی گرت بەدەستیەوەو دانیشت بەمەبەستی خوێندنەوەی لێی رۆشتمە بێشەوەو لەوەڵامی چەند پرسیارێك دا وتی (تاڕادەیەکی کەم سوودمەند بووم لەم کتێبخانەیە چونکە سەرچاوەی کوردی‌یەکان کەمترە لەعەرەبیەکان.. بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا لەئاستی پێویستی رۆژانەم دایە.

پاشان خوێنەرێکی تر هات کەناوی (نیشتمان عوسمان) بوو وتی تاڕادیەکی کەم بابەتی تازەم دەست دەکەین لەکتێبخانە. ئەمە لەوەڵامی ئەو پرسیارەماندا بوو کەئایا تا چەند بابەتی تازەت دەست دەکەوێت لەم کتێبخانەیە.. پاشان لەپرسیارێکی تردا کەلێم پرسی ئایا هەست دەکەین لەکاتی خوێندنەوەدا دەنگە دەنگ هەیە؟ ئەمە تا چەند کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر خوێنەر؟

نیشتمان وتی (بەڵێ کاریگەری خراپی هەیە ئەویش دەگێڕمەوە بۆ چۆڵی هۆڵی خوێندنەوەو کەمی کاری فەرمانبەران لەباتی ئەوەی خەریکی ئیش‌وکارەکانیان بن. دەستکاری (نغماتی)



مۆبایلەکانیان دەکەن ئیتر نازانم، نازانن بیخەنە سەر (هەززە) یان خۆیان حەزیان لەمۆسیقاکەیەتی).

دواتر لەوەڵامی پرسیارێکی دیکەدا کەپرسیم هەست دەکەیت هۆڵی خوێندنەوە چۆڵە، وتی بەڵێ هەر زوو هەستم کرد هۆکارەکەشی روونە،

ئەویش کەمتەرخەمی خوێنەرانی دەربەندیخانە لەبواری خوێندنەوەو خۆڕۆشنبیرکردندا.

پرسیم بەڵام بەپێچەوانەوە کتێبخانەی سەنتەری چالاکی گەنجانی دەربەندیخان خوێنەرێکی زۆر رووی تێدەکات، هۆکاری ئەمە دەگێڕیتەوە بۆچی؟.

بەرێزی وتی (من لەوەتەی هاتووچۆی ئەم کتێبخانەیە دەکەم چەند شتێکم لەلا گەلاڵە بووە:

١-زۆرجار کە داوای کتێبێك دەکەیت ئەبینیت پاش گەڕانێکی زۆر پێت ئەڵێن (استعارە) کراوە یان خۆی بۆ خۆی نایدۆزێتەوە.

٢-هۆکارێکی تریش ناوەکەیەتی بۆ نمونە سەنتەری گەنجان واتە سەنتەرێك (ماڵێك) یاخود مەئوایەك بۆ گەنجان رون تر بڵێین زۆربەی خوێنەران گەنجن، لێرە لەکتێبخانەی گشتی من وەك خۆم هێشتا لەوجۆرە بڵاوکراوانەم نەدیووە، بەتایبەت هەست دەکەم کە کتێبو گۆڤاری کۆنی لێیە.

دواجار بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانەو چەند پرسیارێکی‌تر چاومان بە (ئاواز خان) بەڕێوەبەری کتێبخانەی گشتی دەربەندیخان کەوتو وتی (هۆڵی خوێندنەوە وەها دروست کراوە کە فەرمانبەرانمان هاتوو چۆی تێدا دەکەن کەئەمەش بەشێوەیەکی کەم رێگە لەخوێنەران دەگرێت) وە ئەمە دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بیناکەیان ناتەواوەو تەنها ئەو هۆڵی خوێندنەوەیان هەیە.. پاشان بەڕێزی وتی (ساڵانی پێشوو هۆڵێکی باشمان هەبوو گەورە بوو هۆڵێکی باش بوو بۆ هۆڵی خوێندنەوە بەڵام. (بەڕێوەبەری کتێبخانەی کەرکوك)ی پێشوو ئەو هۆڵەی دا بە بەڕێوەبەرایەتی هۆشیاری منالان، دواجار ئەم ڕێڕەوەمان کرد بەهۆڵی خوێندنەوە.. کە بۆ منالان‌و گەورەشە کە نابێت هۆڵەکانیان تێکەڵ بێت، هاتووچۆی بەسەردا بکرێت کەئەوەش هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی بینایەکی رێکوپێك.

-هەروەها هۆی چۆڵی کتێبخانەی گێڕایەوە بۆئەوەی کەبیناکەیان تێکەڵ بەبینای بەڕێوەبەرایەتی هۆشیاری منالانە لەکاتی خوێندنەوەدا دەنگە دەنگی زۆریان دێت کەئەوەش خوێنەر ناچار دەکات کەمتر لەهۆڵەکەدا بمێنێتەوەو زیاتر کتێب (استعارە) بکات بۆ دەرەوە کە ئەمەش دیسان دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی بینایەکی تایبەت بەکتێبخانە.

-تا چەند پێشوازی لەخوێنەران دەکەن.

+کتێبخانەکەمان بە بەردەوام لەخزمەتی خوێنەراندایەو رۆژانە دوو دەوام دەکەین بەیانیان لەکاتژمێر (٨)ی بەیانی هەتا (١٢)ی نیوەڕۆ ئێواران لە (١)ی پاش نیوەڕۆ تا (٤)ی ئێوارەو پێشوازی لەخوێنەران دەکەین، ئەوەی لەتوانامندا هەبێت هەوڵ دەدەین بۆ فەراهەمکردنی کەشێکی باش بۆ خوێنەران لەکتێبخانەکەماندا وە خوێنەر دەتوانن سودمەندبن بەکتێبی بەسود، بەڵام ئەوەی ئێمە نیمانە هۆڵی منالانە وەك پێشتر ئاماژەم پێدا کەئەمەش دەبێتە هۆی دروست بوونی غەڵبەغەڵب.. جا داواکارین لەحکومەتی هەرێم بەدابینکردنی بینایەك بۆ کتێبخانەکەمان وەك زۆربەی قەزاکان کە ئێستا بینایەی کتێبخانەیان بۆ دروست دەکرێت.

کاتێك کارەکانم تەواو بوو خۆم ئامادەکرد بۆ رۆشتن، چەند کەسێك هاتن‌و رۆشتن بۆ ژوری بەڕێوەبەر یەکێکیان بەدەنگی بەرز تەلەفۆنی دەکرد کە لەهۆڵی خوێندنەوەدا دەنگی دەدایەوە پاشان دەستی نا بەجەرەس دا کەچەرەسەکە لەسەر دەرگای بەڕێوەبەر بوو واتە لەهۆڵی خوێندنەوەدا بوو!!. دیار بوو فەرمانبەرێکی دەویست چونکە نەیهێشت جەرەسەکە تەواو ببێت بانگی فەرمانبەرەکەی کرد کە لەهۆڵی کتێبخانە بوو پاشان فەرمانبەرەکە لەهۆڵی کتێبخانەوە هات کە هێشتا من لەهۆڵی خوێندنەوە بوم بە بەردەمم دا تێپەڕی‌و رۆشت بۆ ژووری بەڕێوەبەر وە لەو ژوورەدا دەنگێکی زۆر دەهات چونکە بەدەنگی بەرز قسەیان دەکرد.. دواجار پێش ئەوەی بڕۆم پرسیم ئەوە کێیە لەوێ فەرمانبەرێك وەڵامی دایەوە (ئەوە بەڕێوەبەری گشتی کتێبخانەکانە).

هیوادارین کتێبخانەکە ببێتە کتێبخانەیەکی نمونەیی بۆ ناوچەکەو سودبەخش بێت بۆ

# کێ لەگرانی بازاڕ بەپرسیارە؟

ئا/ عەبدول محەمەد




- متمانەی نێوان کڕیارو فرۆشیار نەماوە..
- دەوڵەمەندو مەسئولەکان شەریکن..
- سوپەر مارکێتەکان نرخیان بەرزکردۆتەوە..
- فرۆشیارەکان کڕیار هەڵدەخەڵەتێنن..

گرانی‌و هەرزانی نرخ لەبازاڕی شاری سلێمانیدا ماوەیەکە بۆتە باس‌و خوازی ناو خەڵکی‌و میدیا، دەیان گفتوگۆو قسەی جیاجیای لەسەر کراوە. هەریەکەو لەگۆشە نیگایەکەوە تێڕوانیووە.

ئایا ئەو مەسەلەیە کێ لێی بەرپرسیارەو بۆچی تائێستا سنورێکی بۆ دانانرێ " کردنەوەی سۆپەرمارکێت‌و بازاڕی بەکۆمەڵ کە هەموو پێداویستیەکانی تێدا دەست بکەوێت.

ئایا قەیرانەکە زیاتر قوڵ دەکاتەوە، یان کاریگەری ئیجابی دەبێت.

بۆ زیاتر ئاشنا بوون بەڕای خەڵك‌و کڕیارو فرۆشیار لەبازاڕو بۆچونی خەڵکی لەوبارەیەوە، چەند شوێنێکی بازاڕمان بەسەر کردەوە.

دارا محەمەد کاسبکارێکی سەرشەقامی مەولەوییە، وتی منیش وەك دوکاندار سەرسام ماوم لەو گرانیەی کە لەم شارەدا هەیە، هەموو کەسی بێ زار کردووە، بەڕاستی من بۆ خۆم نازانم هۆکاری چییە، من وەك خۆم شتەکانم ١٥ تا ٢٥ دینار قازانجی دەخەمە سەر، بەڵام خەڵکی‌تر هەیە زۆر بێ ویژدانەو زۆر پێی لێ هەڵبڕیوە.

*متمانەی نێوان کڕیارو فرۆشیار نەماوە

زانای شێخ ڕەزا لەبازاڕی بەلەدێکە دوکانداری پەردە فرۆشتنە سەبارەت بەگرانی ناو بازاڕ وتی بەبۆچونی من کێشەکە پەیوەندی بەمتمانەی نێوان کڕیارو فرۆشیارەوە هەیە، ئێستا هیچیان متمانەیان بەیەکتری نەماوە، خەڵك هەیە بۆ کڕینی شتێك لەدە دوکاندار پرسیار دەکات، دوای دەگەڕێتەوە سەر یەکەم دوکان شتەکەی خۆی دەکڕێ.

یاخود زۆرجار مەسەلەکە پەیوەندی بەوەوە هەیە کەزۆربەی فرۆشیارەکان شتی خراپیان داوە بەخەڵکی‌و مشتەریان هەڵخەڵەتاندووە بۆیە خەڵك کەدێتە بازاڕو دوکانەکان بەگومانەوە سەیری فرۆشیار دەکات‌و سەد بگرەو بەردەی لەگەڵدا دەکات بۆئەوەی وا هەست نەکات خەڵەتاندوویەتی لەبەر نەبوونی‌و لەدەست دانی ئەو متمانەیە ئێستا هەندێ خەڵکی، بەتایبەت چینی سەرو ناوەندو چینی ناوەندی ناو کۆمەڵ وردە وردە خەریکە روو لەسۆپەرمارکێتەکانی ناو شار دەکەن، بەمەبەستی دابین کردنی پێداویستیەکانیان، بەو پێیەی شتەکانیان باشن‌و دوورن لەفێڵ‌و تەڵەکەوە.

بەڵام هێشتا هەندێ خەڵکی گومانیان لەسۆپەرمارکێتەکان هەیەو بەگومانەوە رووی تێدەکەن لەوبارەیەوە ئەنوەری حاجی عەزیز خاوەنی سۆپەرمارکێتی سلێمانی کەماوەی ٩ مانگە کردویانەتەوە دەڵێ ٩٥٪ بابەتەکانمان بیانیەو زۆربەی کڕیارەکانمان خەڵکی چینی ناوەڕاستن.

نرخەکانمان لەگەڵ بازاڕدا زۆر جیاوازی ئەوتۆی نیە، گومانیش لەوەدا نیە کەهەندێ سۆپەرمارکێت خەڵکیان ترساندووە، ئێمە دەمانەوێت لەڕێگەی بازاڕەکەی خۆمانەوە ئەو تەلیسمو ترسە بکشێنین.

*سۆپەر مارکێت نرخەکانیان دیاری کراوە

لەکاتێکدا کە کاك ئەنوەر قسەی بۆ دەکردین ژمارەیەك خەڵکی رەفەی شتەکانیان بەسەر دەکردەوەو پێداویستیەکانیان هەڵدەگرت.

بەڵام ئەوەی جێی داخە زۆربەی خەڵکی وڵاتی ئێمە تائێستا گرنگی ئەم جۆرە بازاڕە نازانێ، چونکە هیچ حساب بۆ کات ناکرێ، کە دەتوانرێ بەکاتێکی کەم سەرجەم پێداویستیەکانی خۆت لەسۆپەرمارێکتێکدا دابین بکەیت ئەنوەر دەڵێ ئێمە نرخەکانمان دیاری کراوە بەگوێرەی نرخی رۆژ شتەکانمان دەفرۆشین، چونکە زۆربەی لەدەرەوە دەهێنین.

بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەوانەی کەسەردانی سۆپەرمارکێت دەکەن‌و خودی خاوەنەکانیشیان، ئاگایان لەو گرانیەی بازاڕ نیە، ئاگاشیان لێی بێ زۆر حسابی ناکەن.

کاك حەسەن کەریم لەبازاڕی عەسری دوکانی جلوبەرگی منالانی هەیە دەڵێ: هۆکاری سەرەکی ئەم گرانیەو لەدەست دانی متمانەی خەڵکی بە بازاڕی شاری سلێمانی ئەوەیە کە لێپرسینەوە نیەو بەناوی بازاڕی ئازادەوە خەڵکی هەلپەرست خەڵك دەروتێننەوە، جگەلەوەش خەڵك تەماح کار بوون‌و رۆژانە لەهەوڵی ئەوەدان دەستی خەڵکی ببڕن، وتیشی گرانی کرێ دووکان هۆکارێکی ترە، چونکە هەندێك لەبازارەکان هی دەسەڵاتدارەکانە یاخود هی دامەزراوێکە سەربەدەسەڵات، بۆیە دوکاندار ناچار لەبەر کرێ دووکانی زۆر، بەئارەزووی خۆی پێ لەنرخەکان هەڵدەبرێ‌و یارییان پێ دەکات.

*دەوڵمەندو مەسئولەکان شەریکن

هەندێك مشتەری لەدەوری دووکانەکەی کاك حەسەن بوون، دەربارەی ئەو قەیرانی گرانی‌یە، ووتیان زۆربەی کاسبی‌و هێنانی شت بۆ بازارەکان بەدەست دەوڵەمەندو شەریکی مەسئولەکانەوەیەو کەسیش لێیان ناپرسێتەوە، بۆیە ئەوانیش بە ئارەزووی خۆیان خەڵك دەروتێننەوە.

دەربارەی گێڕانەوەی متمانەی نێوان کریارو فرۆشیارو دانانی ئاستێك بۆ نرخی بازارو کەل‌و پەلەکان، بەبروای زانای شێخ رەزا" پێویستە خەڵك ویژدانی خۆی بکات بەحەکەم، باچیتر یاری پێنەکرێت، پێویستە خەڵك ویژدانی خۆی چاودێری بێت، پێش ئەوەی چاودێری حکومەت سنوری بۆ دابنێ، گەر هەر یەکە لەلایەن خۆیەوە دەست پێ بکات، بارودۆخەکە دەگۆرێت‌و بەو شێوەیە نامێنێتەوە.

بۆیە جێی خۆیەتی ئیتر خەڵك هەر یەك لەلایەن خۆیەوە بەتایبەتی بازرگان‌و سەرمایەدارە گەورەکان کارێك بکەن کەخەڵك متمانەیان پێ بکات‌و بازار بگەرێتەوە باری ئاسایی خۆی، چونکە گەر بارودۆخەکە بەو شێوەیە بروات رەنگە چیتر نەتوانرێ کۆنترۆڵ بکرێت‌و پاشا گەردانی روو بکاتە وڵات.

Institut kurde de paris

# جەلال عوسمان (سکرتێری ڕێکخراوی ئازادی لاوانی کوردستان):

# بەداخەوە حکومەتی هەرێم زۆر بەکەمی گوێی لە ڕێکخراوەکەمان گرتووە

**چاودێر: ڕێکخراوی ئازادی لاوان پێنج ساڵە دامەزراوە، تارادەیەك گەشەی کردووە دەکرێت بەشێوازێکی گشتی باسی بارودۆخی ئێستای ڕێکخراوەکەتان بکەیت.**

**جەلال عوسمان:** ڕێکخراوی ئازادی لاوان کە بە بەرنامەیەکی پێشکەتوو چڕوپڕ بۆ خزمەتی لاوان دامەزراو لەدوای ٥ ساڵ دامەزراندنیش کەتۆ باسی دەکەیت هەمیشە هەوڵی داوە کەزۆرترین لاو لەدەوری خۆی کۆبکاتەوەو بەچالاکیە جۆراوجۆرەکانی ئاشنایان بکات. هەوڵی بەردەوامی ڕێکخراوەکەشمان بۆ گرتنە باوەشی لاوان و بەدیهێنانی حەزو ئارەزووەکانی لاوان وای لە ڕێکخراوەکە کردووە کە هەمیشە بیر لەبەرنامەی باشترو نوێتر بکاتەوەو بارەگای سەنتەرو بنکەکانی لەزۆرترین ناوچەکانی کوردستاندا بکاتەوە کەهەندێك ناوچە هەیە لەکوردستاندا تەنها ڕێکخراوی ئازادی لاوان بارەگای تێدا هەیەو کارو بەرنامەی جۆراوجۆر جێبەجێ دەکەن.

بێگومان هەموو ئەمانەش مانای ئەوەیە کە ڕێکخراوی ئازادی لاوان ئێستا لەبارودۆخێکی باشدایەو توانیویەتی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت لەکارو بەرنامەکانیدا.

**چاودێر: دەکرێت بەوردی گرنگترین ئەو پرۆژانەمان بۆ باس بکەن کە ڕێکخراوەکەتان جێبەجێی کردووە لەماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا.**

**جەلال عوسمان:** وەکو ئیشارەتم پێدا هەمیشە ڕێکخراو لەخەمی ئەوەدا بووە کەچالاکیو پرۆژەی جۆراوجۆر بەئەنجام بگەیەنێت بۆ لاوان و هەوڵمانداوە کەپرۆژەکانمان بەپێی توانا سەرجەم بوارەکانی حەزو بەهرەی لاوان بگرێتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش دەتوانین پرۆژەی سندوقی پێکەوەنانی خێزان بۆ لاوان بکەینە نمونە کەماوەیەکی زۆر پرۆژەیەکی کارا بوو کەتوانی خزمەتی زۆری لاوان بکات هەروەها هەموو ئەو ڤیستڤاڵانەی ڕێکخراو سازی کردون دەتوانرێت بەپرۆژەی گەورە لەقەڵەم بدرێت بۆ خزمەتی لاوان، بۆ نمونە هەردوو ڤیستڤاڵە ئەدەبیەکەی لاوان کە بۆشعرو چیرۆك لەسلێمانی ئەنجام دراو لاوانی زۆربەی ناوچەکانی کوردستان تێیدا بەشداربوون، وەسازدانی ڤیستڤاڵی کورتە فیلمی لاوان کە دەنگدانەوەیەکی باشی لەسەر ئاستی کوردستان هەبوو سەرباری چالاکیە وەرزشیو هونەریو ڕۆشنبیریە بەردەوامەکان دیارە ئێستاش مەکتەبی سکرتاریەت لەهەوڵی ئەوەداین کەپرۆژەی گەورەتر سازو ئامادە بکەین کە لەئاست هەلومەرجی ئەمڕۆو خواستەکانی لاواندا بێت.

**چاودێر: زۆرێك لەلاوان پێیان وایە ڕێکخراوەکەتان کەمتەرخەم بووە بەرامبەریان بەتایبەت لاوانی کەنار، زۆرێك لەلاوان پێیان وایە ئەو بنکەو سەنتەرانەی ئێوە لەئاستی پێویستدا نین، دەکرێ هۆکاری ئەمەمان پێ بڵێی یان هەر ڕوونکردنەوەیەکی تر.**

**جەلال عوسمان:** ئەگەر ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان ئەو هەموو چالاکیو پرۆژانەی بۆ لاوان ئەنجام دابێ وە هەوڵی دابێ کەبارەگای ئۆرگانەکانی لەسەرجەم ناوچەکانی کوردستان بکاتەوە بەناوچە دوورە دەستەکانیشەوە کەواتە چۆن و بۆ کەم تەرخەم بووە، بەپێچەوانەوە من پێم وایە هەندێ جار زیاد لەتوانای خۆمان صەرف کردووە بۆ خزمەتی لاوانی کەنارو ئەرشیفی چالاکیە زۆرو زەوەندەکانی ڕێکخراویش شاهیدی ئەمە دەدەن. دەربارەی سەنتەرو بنکەکانمان لەناوچە جیاوازەکاندا لەئاستی پێویستدا بوون بۆ خزمەتی لاوان سەرباری کەمی پێداویستیەکان.

**چاودێر: ڕێکخراوەکەتان هەندێ پرۆژەی دەست پێکردو هەندێکی جێبەجێ کرد بەڵام هەندێ پرۆژەی بەنیوەناچڵی بەجێ هێشت وەك سلفەی زەواج، کۆنفرانسی زانستی هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆچی؟**

**جەلال عوسمان:** دیارە ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان هەر لەسەرەتای دامەزراندنەوە بەعەقڵێکی نوێو پرۆژەیەکی مۆدێرن هاتە مەیدان کە لەئاست خواستو داواکاریەکانی لاواندا بێتو لەبەراییەوە چەندین پرۆژەی گرنگ لەبەرنامەماندا بوو بەهۆی هەوڵو ماندوبونو پشتگیری دڵسۆزانەوە هەندێکی جێبەجێ کراو هەندێکیش لەخەباتدا این لەپێناو جێبەجێکردنیدا. دیارە بارودۆخی کوردستانو ئەو هەلومەرجو گۆڕانکارییانەی لەکوردستانو ناوچەکەدا ڕوویاندا تەئسیری لەسەر کارو پرۆژەکانی ڕێکخراوەکەمان کردووە بۆ نمونە سلفەی پێکەوەنانی خێزان کە یەکێك بوو لەئامانجە گرنگەکانی ڕێکخراوەکەمانو لەسەرەتاوە هەوڵی جدیمان خستەگەڕ بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەو خۆشبەختانەو بەپشتگیری هەڤاڵی بەڕێز مام جەلال دەست بەجێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە کراو لەهەوڵێکی بێ وێنەو بۆ یەکەم جار توانیمان ئاهەنگێکی فراوان بۆ (١٢٠) سەدو بیست بوك زاوا سازبدەینو تەواوی پێداویستیەکانیان بۆ دابین بکەین لەگەڵ بەخشینی (٢٠٠٠) دوو هەزار دینار بۆ هەر بوكو زاوایەكو خۆشبەختانەو بەپاڵپشت بەپرۆژەکەی ئێمە حکومەتی هەرێم بڕیاری بەخشینی سلفەی زەواجی ڕاگەیاند بۆیە پرۆژەکەی ئێمە وەك تایبەتمەندیەکی ڕێکخراو مایەوە بۆ ئەندامەکانی خۆمان کەتا ئێستاش بەردەوامە وە سەبارەت بەپرۆژەی کۆنفرانسی زانستی کەدوو ساڵە کاری بۆ دەکەین بەهۆی بارودۆخو کەمی بودجەوە نەمانتوانیوە جێبەجێی بکەین بەڵام خۆشبەختانەو لەماوەیەکی نزیکدا ئەم کۆنفرانسە لەشاری سێمانی بەئەنجام دەگەیەنین.

**چاودێر: وەك سکرتێری ڕێکخراوێکی لاوان، پێتان وایە دەتوانن نوێنەرایەتی دەنگی لاوان بن لەکوردستاندا؟**

**جەلال عوسمان:** ڕێکخراوی ئازاد لاوانی کوردستان، لەسەرەتای دامەزراندنییەوە بەشێوازو مۆدێلێکی نوێو لەئاست پێداویستیەکانی لاوانو بەدیهێنانی خەونەکانیان، و بەرجەستە کردنی خولیا خەفە کراوەکانیان لەپێناو بەدیهێنانی کۆمەڵێکی مەدەنیو تەندروست هاتە مەیدانو لەماوەی کاکردنماندا توانیومانە بەردەوامی بەپرۆژەو چالاکیە هەمە جۆرەکانمان بدەین، ڕێژەیەکی بەرچاو ئەندام لەدەوری ڕێکخراوەکەمان کۆبکەینەوە، ببینە خاوەنی ٢٠ سەنتەرو ١٠٦ بنکە لەسەرتاسەری کوردستاندا، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگەمان سەختەو زۆر کارمان ماوە بەئەنجامی بگەیەنین لەخزمەت کردنی لاواندا، خوازیارین لاوانی کوردستان ڕێکخراوی ئازادی لاوانی کوردستان بەماڵی خۆیان بزانن، لەپێناو گەیشتن بەئامانجەکانیان.

**چاودێر: گرنگترین پرۆژەکانتان بۆ حکومەت چی بووە؟ کام لە پرۆژەکانتان لەلایەن حکومەتەوە ڕەت کراوەتەوەو هۆکارەکەی چی بووە؟**

**جەلال عوسمان:** دیارە کۆمەڵێك پرۆژەمان هەبووە کەلەرێگەی حکومەتی هەرێمەوە جێبەجێی بکەین وەك پرۆژەی سلفەی زەواج، نیشتەجێبوون، کۆچ، چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکان، دروست کردنی پارك و یاریگا، ناوەندی ڕووناکبیریو هونەریو وەرزشیو هەوڵی زۆریشمان داوە لەپێناو بەدیهێنانی ئەم پرۆژانەدا، بەڵام بەداخەوە حکومەتی هەرێم زۆربەکەمی گوێی لەڕێکخراوەکەمان گرتووە لەپێناو بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەدا.

**چاودێر: لەدەرەوەی ڕێکخراوەکەی ئێوە چەند پرۆژەو کۆنفرانسێك بۆ کێشەکانی لاوان سەری هەڵداوە" لەو پرۆژانەدا ئێوە چەند بەشداریتان هەبووە؟**

**جەلال عوسمان:** لەبەرئەوەی خەمی لاوانمان لەئەستۆیەو هەوڵمان لەپێناو ئاسودەییو خۆشبەختی لاواندایە، لەهەر جێگەو شوێنێك پرۆژە یاخود کۆنفرانس یان هەر چالاکییەکی لاوان ئەنجام بدرێت، مەبەستمانە بەشداری بکەین لەم پێناوەشدا هەوڵمانداوە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی تری لاوان تەنسیقو هەماهەنگی بکەینو خەباتمان بەردەوامە لەپێناو بەدیهێنانی فیدراسیۆنێکی سەرتاسەری بۆ لاوان لەکوردستاندا.

ئامادەکردنی/ چاودێر


جەلال عوسمان

# پێنجوێن " شارێك لەفەرامۆشیدا

سازدانی/ لاپەرەی لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەگەری

* پێنجوێن شارێکی سەر سنورییە، ساڵانێکە دەروازەیەکی گرنگی هەرێم بووە بەرووی وڵاتاندا، ئەم شارە بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافیەوە کەلەسەر سنوری ئێرانە، لەماوەی شەری ئێران — عێراقدا، زەرەرمەندترین ناوچە بووە، تائێستاش پاشماوەی خانووی ڕوخاو لەم شارەدا هەیە، بەگەیشتنت بەدەروازەی ئەم شارە، ئارمی ئاگادارکردنەوە لەبوونی مین تووشی سەرسوڕمانت دەکات، بەدرێژایی دوانزە ساڵ ڕێکخراوەکانی هەڵگرتنەوەی مین سەرقاڵی کارکردنن، کەچی هێشتا مەترسی مین لەسەر ژیانی خەڵك ماوە، پێنجوێن لەسەرەتای ئاوەدانبوونەوەدایە.

*خەڵکی پێنجوێن دەڵێن چی؟

گەر خەڵکی ئەم شارە باسی شارەکەت بۆ بکەن دەڵێن :شارێکە فەرامۆش کراوە، لەمامۆستایەکمان پرسی باری پەروەردەو فێرکردن چۆنە لێرە، ئەو پێی ووتین: گرفتمان لەبوونی بینا نییە، بەڵکو گرفتی سەرەکیمان کەمی مامۆستایە بەتایبەتی مامۆستای ناوەندیو دواناوەندی.

وەرزشکارێك کەئێستا وازی لەوەرزش هێناوە، خۆی بۆی گێراینەوە کەوەرزش لەم شارەدا هیچ گرنگیەکی پێنەدراوەو تائێستاش یاریگای وەرزشی باش لەم شارەدا نییە، هەرچەندە زۆرێك لەبەرپرسان بەڵێنی دروستکردنی یاریگایان پێداوین، بەڵام تائێستا هیچ دیارنییە.

لەپیاوێکی بەتەمەنمان پرسی ئەم شارێگەیەی شار، کەتەنها شەقامی گەورەیە لەشارەکەدا، لەکەیەوە ئاوا هەڵکەندراوە؟ ئەو وتی نازانم، دەمێکە بەحکومەتێکی گەورە ئەم تۆزە جادەیان بۆ چاك ناکرێت، ئەوە خەڵکیشی لێکەوتە خوارەوەو کارەساتیش لێی ڕوویدا، کەچی هەر پەل ناکەن لەچاکردنی.

لەگەڕانمان بەپێنجوێندا ویستمان بچینە سەیرانگەی بلکیان، بەڵام دەرگایەکی گەورەو سیاجێکی تەلبەند، نەیهێشت ئەو سەیرانگایە ببینین، تابلۆیەکی گەورەش لێی نوسرابوو



(هاتنە ژوورەوە تەنها بۆ خێزانە، مەشروب خواردنەوە قەدەغەیە).

لەگەڕانەوەماندا چووینە باخێکەوە پیرەژنێکی بەتەمەن بەگەرمی بەخێرهاتنی کردین،پێم وت پورێ ئەوە چییە، ئەو باخانە بۆ ناهێڵرێ کەس بچێتە ناویەوە؟ ووتی: ئەوە ئێستا موڵکی (شێخە) کردوویەتی بەشوێنی خۆی، ژمارەیەکی زۆر دەرویشی لێیە. نایەڵێ کەس بچێت جگە لە جەماعەتی خۆی، ئەو ئەیوت ئەگەر ئافرەتی سەر ڕوتیشت لەگەڵ بێت نایەڵن بچیتە ژوورەوە، کوڕێکی گەنج خۆی هات بۆلامانو دیاربوو خۆی زۆر نارەحەت بوو لەماڵی شێخو داگیرکردنی بلکیان، ئەو ئەیوت" خەڵك ئیمزاشی کۆکردەوە بۆ دەرکردنیان لێرە بەڵام تائێستا هیچ نەکراوە، (ئێمە بۆخۆشمان سەرمان سوڕما لەداگیرکردنی ئەم سەیرانگایە کەدەکرێت، هاوڵاتیانی ئەم ناوچەیەو حکومەتیش سوودی لێوەربگرن. گەر حکومەت وەك سەیرانگایەك ئاوەدانی بکاتەوەو ئازادی بکات.

* یا ئەبین بەپۆلیس یان بەمارێنز.

حسن، کوڕێکی گەنجو تابلێی خوێن شیرین بوو، دەیوت ئەم شارە گەنج بێ تاقەت دەکات، نەسەنتەرێکی لاوانی باشی تیادایە، نەپارکێك، نەشوێنێك تاگەنج تیایدا کۆبێتەوە، ناچارین ببین بەپۆلیس یان بەپاسەوانی سنور هیچ شتێکی تر نییە گەنج بیکات، ناچاریشە ببێتە پۆلیس چونکە، بژێوی ژیانی دەبێت دابین بکات، کۆڵبەریو قاچاغچێتیش وەختی نەما، هەموومان لێی بێزار بووین.

*حکومەت دەڵێت چی؟

بەڕێز (عمر غریب) قائمقامی قەزای پێنجوێن، بەپێچەوانەی هەموو ئەو قسانەوە، ئەو بەهیچ جۆرێك پێی وانیە پێنجوێن شارێکی فەرامۆش کراو بێت، (عمر غریب) ووتی:

زۆر لام سەیرە کەئەم ووشەی فەرامۆش کراوە دەبیستم، بەسەر زاری هەندێکەوەیە، نازانم پێنجوێن چی هەیە بۆی نەکرابێ؟ من ساڵێكو چەند مانگێکە لێرەم، پێشتریش سێ ساڵ لێرەبووم، لەسەر ئەرکی مام جەلال خوێندنگەیەکی شەش پۆلی دروست کراوە، خوێندنگای کەژانی نۆژەن کرایەوە، خەستەخانە نوێ کرایەوە، بڕێکی زۆر پارەی بۆ بلکیان سەرف کرد، ئەمە جگەلەو پرۆژانەی ڕێکخراوەکان لەم سنوورە جێبەجێیان کرد، هەروەها پرۆژەی ئاو بۆ هەموو ماڵەکانی ڕۆیشتووە، حەوت کیلۆمەتر زێرابی سندوقی دروست کراوە، زۆربەی گوندەکان پرۆژەی ئاوو کارەبایان بۆ ڕاکێشراوە.

بەڵام سەبارەت بەنەبوونی پاركو شوێنی گشتیو سەنتەری لاوان، ئەمیش دووپاتی کردەوە، بەڵێ کەمتەرخەمی هەبوو لەدەستەبەر کردنی ئەو شتانەدا، بەڵام ئەمەش کەمتەرخەمی ئێمە نەبووە، زۆریش هەوڵدراوەو زۆریش بەڵێنیان پێداوین، بەڵام بەداخەوە هیچ جێبەجێ نەکراوە.

* ئەنجام:

پێنجوێن ڕاستە شارێکە هەندێك خزمەتگوزاری پێگەیشتووە، بەڵام بەهۆی وێرانبوونی بەڕێژەیەکی زۆر، وایکردووە، کەدەستی خزمەتگوزاری حکومەت بەباشی بەدیار نەکەوێت، پرۆژەکانی حکومەت بەسیمای شارەکەوە دیارە، بەڵام خەڵکی دەیانەوێت شارەکەیان جوانترو پێشکەتووتر بێت، دەخوازین حکومەت گرنگیەکەی بەم شارە زیاتر بکاتو دەستی ئاوەدانکردنەوەی زیاتر بۆ ڕابکێشێ.

# لەنێو کێشەو داواکاری خانەنشیناندا

ئا/ ژینۆ عبدالله

* (بەراستی زۆربەی جار شەرم دەکەم کاتێك مووچەی خانەنشینی وەردەگرم، چونکە ئەو برەپارەیەی وەریدەگرینو ئەو شێوازی مووچەدانە، کەدەماندەنێ ئەڵێی خێرمان پێ دەکەن) (ع.س.خ)، ئەو هاوڵاتیە تەمەن (٧٨) ساڵە بوو، کەوەك خۆی دەڵێت زووخاوە سك بووە بەدەست مووچەی خانەنشینیەوە، کەسەرەرای ئەوەی ماوەی (٣٠) ساڵ لەیەکێك لەدامەزراوە حکومییەکاندا، خزمەتی کردووە، بەووتەی خۆی ئێستا ئاوا پاداشتی ئەدەنەوە .

ئەو بەسەرهاتەی باسمان کرد لەگەڵ زۆربەی باروگوزەرانی خانە نشیناندا دەگونجێ لەکاتێکدا




لەنێو ئاپۆرەی ڕیزبوونی خانەنشیناندا لەیەکێك لەبنکەکانداچاوەڕێی وەرگرتنی موچەکانیان بوون و بێزاری تووڕەیی لەسیمای زۆربەیانەوە بەدی دەکرا، هەفتەنامەی (چاودێر) لەنزیکەوە چەند کەسێکی دووان، بەڵام هەموویان داوایان کرد ناوەکانیان نەنوسین.

* (ر.ع) کەماوەی زیاتر لە (٣٠) ساڵ خزمەتی کردووە، بەنیگەرانیەوە ئاماژەی بەوەدا، کەسەرەرای ئەوەشی هەندێکمان بەهۆی تەمەنمانەوە توانای وەستانمان نییە لەریزدا، کەدەبێت ماوەیەکی زۆر چاوەڕێ بکەین هەندێ جار تووشی دەمەبۆڵەش دەبین لەگەڵ کارمەندانی بنکەکەدا.

زۆربەی ئەو پارانەی وەریدەگرین وردەیە، لەجۆری (٢٥٠—٥٠) دیناریە، ئەمە وتەی (ش.خ) بوو کەتەمەنی (٧٤) ساڵ دەبوو، ئەو خانەنشینە گرفتێکی تری خۆیانی بۆئەوە بردەوە، کەسەرەرای کەمیبڕی مووچەکەیان لەچاو ئەو خزمەتەی پێشکەشیان کردووە، بەسێ مانگ جارێکیش مووچەکانیان پێ دەدرێن. خانەنشینێکیتری تەمەن (٧٨) ساڵە ووتی (پێش پرۆسەی ئازادکردنی عێراق مووچەیەکی زۆرمان وەردەگرتو چاوەڕێی ڕۆژێکی وەك ئەمڕۆمان دەکرد کەئاستی گوزەرانمان بەرز بێتەوە، بەڵام بەداخەوە).

بۆ گەیاندنی دیدو بۆچوونو رازو گلەیی چینی خانەنشینان، کەساڵانێکی دوورو درێژ لەم وڵاتەدا خزمەتیان کردووە، ڕۆژانە کاروباری هاوڵاتیانیان ڕایکردووە، پەیوەندیمان کرد بەبەڕێز (سەلاح جومعە) بەڕێوەبەری گشتی خانەنشینو دەربارەی قەرەباڵغی بنکەکانی خانەنشین ئاماژەیبەوەدا کەئەوە شتێکی کاتیە، چونکە بەڕێوەبەرایەتییەکەی ئەوان، هەشت بنکەیان لەسلێمانی هەیەو هۆکاری قەرەباڵغی هەندێك بنکە دەگەڕێتەوە بۆ دابەشکردنی مووچەی کەم ئەندامان لەهەندێك لەو بنکانەو ووتی (بەلانی کەمەوە لەهەر بنکەیەك ٢٤ کارمەند هەیە بۆ ڕایکردنی کاروباری خانەنشینان)، سەبارەت بەمووچەی خانەنشین بەڕێز (سەلاح جومعە) پێی وابوو، کەڕەنگە تاسەری ساڵی داهاتوو، مووچە بەهەمان سیستەم دابەش بکرێت، بەڵام لەدوای سەری ساڵی تازەوە، وەزارەتی دارایی عێراق بەرنامەیەکی هەمەلایەنەی هەیە بۆ باشتر کردنو چاکردنی باروگوزەرانی خانەنشینان.

دەربارەی پێدانی مووچە بەسێ مانگ جارێك، بەڕێوەبەری گشتی خانەنشین ڕوونی کردەوە، بەردەوام لەهەوڵداین کەمووچە مانگانەو لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا، بدرێ، بەڵام ئەو سیستەمە بەپێی یاسای خانەنشینانی عێراقە .

بەشێوەیەکی گشتی خانەنشینان دەبێت لەچاوەڕوانی خستنە ڕووی داواکاریەکانیان بن، بەئومێدی چارەسەرکردنی کێشەکانیان لەلای لایەنە بەرپرسو پەیوەندیدارەکان.

بەهەرحاڵ پێویستە بەهیچ شێوەیەك ئەو چینە گرنگەی کۆمەڵ لەیاد نەکرێ، بەو شێوەیەی پێویستەو شایستەی ئەو خزمەتەی کردوویانە ئاوریان لێبدرێتەوە، گوێ لەداواکاریو کێشەکانیان بگیرێو چارسەرێکی گونجاویان بۆ بدۆزرێتەوە .

institut kurde de paris

# ستایشکردن و پاشان دۆڕاندنی سروشت

**بەشی یەکەم**

نیهاد جامی

(١)

کاتێ بمانەوێت لە ئەزموونێکی شیعری بدوێین، پێویستمان بە تێڕوانینێکی ڕۆشن هەیە کە لەناو ئەو نووسینەدا وەك چەمکی سەرەکیی خوێندنەوەی ئەزموونەکە دەردەکەوێ، بۆیە ئێمەش کاتێ دەمانەوێت لەزمان و تازەگەریی ناو ئەزموونی شێرکۆ بێکەس ببێینە دوان، ئەوە دەردەخەین کە مەبەستمانە لەڕوانگەی میتۆدیی سیمیۆلۆژیەوە، بچینە ناو ئەو ئەزموونەوە، ئەوەش خۆوابەستەکردنێکی ڕووت نییە بە میتۆدەوە، هێندەی لەو شوێنانەی کە پێویستمان بەدواندنی زەمەن و نزیکبوونەوە لە کردنەوەی سیستمی زمانە، پشت دەبەستین بەو چەمکە سیمیۆلۆژیانە. سەرەتاش بەرلەوەی هیچ شتێك لەسەر ئەو ئەزموونە بڵێین، خۆمان لە پێناسەی زمان و تازەگەری بە بیانووی جۆراو جۆر نادزینەوە، چونکە بەرلەوەی هەر چەمکێك بکەین بەمیکانیزمی خوێندنەوە، بۆ چوونە نێو باسەکە پێویستمان بە بوونی دو وپرسیارە، کە ئەوانیش پرسیارن لەو زمان وتازەگەرییەی کە نووسینەکە پشتی پێدەبەستێت، ئەوەش بەو مەبەستەیە خوێنەر بە ناوی تازەگەرییەوە نەخەینە نێو گێژاوی یۆتۆپیا و سەرگەردانییەوە، بۆیە بۆ وەڵامی هەریەك لەو دوو پرسیارەش، سەرەتا بەرەو پرسیاری هەرە باو دەگەڕێینەوە بۆ زمان، کە زۆرینەی سیمیۆلۆژیستەکان کردوویانە، کە پرسیاری "زمان چییە؟" بووە، دیارە ئەو پرسیارە وامان لێدەکات ستراتیژی خوێندنەوەمان ڕۆشن بێت، کاتێ زانیمان چۆن سەیری زمان و وەزیفەکەی دەکەین.

زمان بریتییە لەسیستمێکی ئاماژەکاری، کە خاوەنی دووفاقییەکە، کە دال و مەدلولن، ئەوە لەپاڵ ئەو ڕاستییەدا کە زمان و ئاخاوتن خاوەنی یەك بونیاد نین، بەڵکو خاوەنی دوو بونیادی جیاوازن. ئاخاوتن ئەگەر پێشتر بە بەشێکی سەرەکی لەزمان تەماشا کرابێت، ئەوە بە دوای میتۆدی سیمیۆلۆژی ئاخاوتن تەنیا بەشێکی تاکە لە ناو زماندا، دیارە ئەگەر هەمان پرسیارمان لە زمان کرد بۆ کورترین پێناس، دەبێ هەمان پرسیار لە تازەگەریش بکەین: ئاخۆ تازەگەری چییە؟ بەچی دەوترێ تازەگەری؟ لەوەڵامدا دەڵێین، "تازەگەری دەبێت لەتەك خۆیدا بەها و مانا و ڕەفتاری خۆی هەڵگرێت. خەسڵەتەکانی سەردەمی خۆی پێبێت، درێژکراوەی سەردەمەکانی تر نەبێت، بەڵکو کاڵبوونەوە و لاوازبوونیان بێت"(ئیمبرتۆریەتی وەهم/ بەختیارعەلی، ڕەهەند، ژمارە(٥)".

(٢)

گەران لە دوای تازەگەری لەگوتاری شیعریماندا پێویستی بە پرسیارکردنەوەیە، لەکوێی ئەو پرۆژانەی کە پەیوەندیی نێوان زمان و نووسین لەناو بیرکردنەوە و تێرامان دانابرێت، نەك بەومانایەی کە پێویستە شیعر هەڵگری پرۆژەیەکی فیکریی ڕووت بێت, بەڵکو مەبەست پەیوەندیی شاعیرە لەنێوان زمان و شتەکانی دەوروبەریدا، کەسیستمێکی داخراوی زمان توانای ئەوەی هەیە تەواوی پرۆژەیەکی شیعری بەرەو داخران بەرێت هەر بۆیە ئەدەبی کوردی خاوەنی کلتورێکی دەوڵەمەندە لەو جۆرە دەقانە کە لەگەڵ نووسینی شیعرەکە دەقێکمان نابێت بۆگفتوگۆ و دۆزینەوی پەیوەندی زمان و ئاستی دەلالی هێندەی دەقێکی مردوومان دەبێت کەتوانای تێپەڕاندنی پێش خۆی نییە، هێندەی دەیەوێت لەسەرئەوکولتورە پێشینەیە بژیێت. ئەوەی لەوەش کۆمیدیتر دەردەکەوێت پەیوەندی بەدەقەکانەوە نییە، هێندەی لەپشت ئەو بانگەشەکارییەوەیە کە لەپشت ناوی تازەگەرییەوە خۆی نمایشت دەکات، بێ ئەوەی قسە لەئاستی ئەو بەرەوپێشچوونە بکەین کەشیعری کوردی لەکوێوە بەرەوپێش دەڕوات و لەکوێش تووشی وەستان وبێدەنگی دێت، هەربۆیە ئەوکاتەی بیرلە تێڕوانینی لەم چەشنە بکەینەوە، خێرا ئەوەمان هاتۆتە خەیاڵەوە کە ئەم بۆچوونانە شاعیرێکی داهێنەری وەك شێرکۆبێکەس دەگرێتەوە؟ بەڵام بۆئەوەی ئەو قسانەمان نەچێتە ناو ستایشکردنی شاعیرێکەوە پێویستمان بەوە دەبێت، چۆن ئەو شاعیرە لەناو ئەو بۆچوونە بەدەرە، ئەوە دەبێت لەڕێگەی ئاوڕدانەوەوە لەو ئەزموونە شیعرییەی شێرکۆوە بێینە دوان. دیارە شێرکۆ شاعیرێکە بەشی شێرینەی لە وتاری ڕەخنەیی لەسەرنووسراوە، هەرلەو وتارانەدا کە شیعری ئەو شاعیرەمان مەحکوم دەکەن، بەئایدیۆلۆژیا و تا دەگاتە ستایشی بێمانای ئەو قەڵەمانەی کەتوانای دواندنی دەقیان نەبووە و بەداهێنەریش ناویان دەبەن، بێئەوەی بتوانن بۆمان بسەلمێنن، دیارە لەپاڵ ئەو نووسینانەشدا هەندێك قەڵەمی دیارئاوڕی جدییان لەو ئەزموونە داوەتەوە, بەڵام ئەوەی ئەو باسەی ئێمە لەوانی تر جیا بکاتەوە، تەنیا ئەوەیە دەمانەوێت لەڕوانگەی زمان و ڕەخنەی سیمیۆلۆژییەوە لەشیعری شێرکۆ قسە بکەین، کە ئەوەیان ڕەهەندێکی تەواو فەرامۆشکراوی شیعری ئەو شاعیرەیە. هۆیەکەشی ئەوەبووە وەك ئاماژەمان پێدا، کورت کردنەوەی شێرکۆ بووە لەناو دەلالەتی سیاسیدا، یان ستایشکردنی بووە، کە دیارە فەرامۆشکردنی ڕەهەندیی سیمیۆلۆژیی ناو دەقەکانیکەلێنێکە، دەشێ مافی ئەوەمان پێبدات کەئێمە تا ئەو ساتەوەختە، بەدەگمەن نەبێت، نەمانتوانیووە بەشداری لەپرۆسەی نووسینەوەی شیعری شێرکۆدا بکەین، بەڵکو سەرنجەکانی خۆمان لەسەری تۆمارکردووە، سروشت کە بووە بە سیمای شیعری گۆران و خاڵێك بوو بۆ ڕەهەندێکی تازەگەریی شیعری کوردی و توانای ئەوە نەبووە ئەو چەمکە تێبپەڕێنرێت. ئەم وتارە هەوڵدەدات قسە لەو ساتەوەختەی تازەگەریی شیعری کوردی بکات، کە دوای گۆران چۆن ناتوانرێ چەمکی سروشت ڕەهەندێکی جیاواز وەربگرێت، تەنانەت ڕوانگە کە بانگەشە بۆ تازەگەری دەکات هەر لەناو دیدی گۆراندا بۆ شیعر دەسوڕێتەوە، تا ئەوگۆڕانەی بەسەر شیعری شێرکۆدا دێت، بەتایبەت لە دوای قەسیدەی(کۆچ)ەوە، دەبێ قسەیەکی ترلەئەزموونی ئەوشاعیرە بکرێت، کەچۆن سرووشت لە ستایشەوە بەرەو دۆڕاندنی ستایش دەبردرێت، ئەوەش بە تەنیا لەسەر ئاستی مانادا نییە, بەڵکو دیدێکی کراوەیە بۆ زمان.

(٣)

چەمکی سروشت دیارترین چەمکی ناو شیعری شێرکۆیە، کە تەواوی ئەو ڕەهەند و مانایانە دەگۆڕێت کە گۆران دەیهێنێتە ناو شیعری کوردی و ناتوانرێ لەناو ئەو ڕەهەندە "گۆران"ییەدا مانای تری پێبدرێت. دیارە سەرەتا پێویستە ئەوگۆڕانە بخەینەڕووکە بەسەر"گۆران"یدا دەهێنێت، چونکە ئەزموونی شێرکۆ تەواوکردن و نووسینەوەی پرۆژەی تازەگەریی شیعری کوردییە، کە گۆران بە ناتەواوی بەجێی دێلێت، بەمانای سروشت چەمکێکی ناتەواوە لە شیعری ئێمەدا و شێرکۆ بەشداریی لەنووسینەوەیدا دەکات، چونکە ئەوانی دی سەرقاڵی گۆران بوون، توانای ئەوەیان نەبووە بەشداریی لەنووسینەوەیدا بکەن، دیارە ئەو سەرنجە "ڕوانگە"ش دەگرێتەوە, چونکە لەناو ئەزموونی گۆرانەوە خەریکی گەمەی تازەگەری بوون, دیارە ئەوەی گۆران و ڕوانگە بەیەك دەگەیەنێتەوە، زمانی وەسفیە. زمانێك لای گۆران سەرلەنوێ سروشت ڕەسم دەکاتەوە، بەوکارەش گۆران گەشە بە فۆرمی شیعری دەدات، بەڵام نابێت بە خولقێنەری زمان، گۆران تەنیا "مەبەستی وەسفکردنی دیمەنی سروشتی بووە. ئەم وەسفەش بەهەڵاتن لە واقیع و ژاوەژاو وکێشمەکێشی واقیع دادەنرێت، بەمەش دۆخێکی ساکار و هێمنی بۆ خوێنەر پێکهێنا". (ئاگایی زمان، زمانی ئاگایی/عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا، سلێمانی١٩٩٩/ لاپەرە ٣٧)

ئەو توانایەی نەبوو دوالیزمی نێوان خوێنەر و دەق برووخێنێت و لەسیستمێکی تردا ئەو پەیوەندییە ڕێکبخاتەوە، بە واتای زمان هەر دیلی نێو دەق دەبێت، ئەوەی گۆڕانی تیا ڕوودەدات ئیدراککردنی شاعیرە بە سروشت، وەك چۆن ڕوانگەش گەمەکەی گۆران دووبارە دەکاتەوە، بەڵام بەجۆرێکی تر بەوەی سروشت دەگۆڕێ بە ئایدیۆلۆژیا، ئەوەش پەیوەندیی بەو ڕاستیەوە هەبووکە "شاعیرانی ڕوانگە شیعریان کردە زمانی حاڵی ئایدیۆلۆژیا و ئایدیۆلۆژیا وەك سیستمێکی سانسۆر، کاری تیا دەکرد، بیرکردنەوەی شاعیریش بیرکردنەوەیەکی ئاراستە کراو و مەبەستدار بوو"(ئاگایی زمان/ هـ.س، ل٣٧).

ئەوەش پەیوەندی بەوەوە هەیە کە سروشت لای گۆران دەبێتەوە بەرهەمهێنەری فۆرمی شیعری، نەك خولقێنەری زمان. بۆیە چەمکی تازەگەری لەشیعری کوردیدا لەنێوان سروشت و ئایدیۆلۆژیادا دەخولایەوە, کە لەجەوهەردا هەردووکیان نوقمی کاریگەریی سرووشت بوون، وەك ئەوەی هەیە، نەك وەك ڕوانینی جیاواز. چونکە دواجار گۆران بۆخۆی مانای سیاسی لە ناو دەقدا فەرامۆش نەکردبوو، ئەو مانایەی کە دواتر ڕوانگە بە دەسکەوتی تازەگەریی خۆی سەیری دەکات، کە لە ڕاستیدا ئەوەشیان بەرهەمی گۆران بوو نەك ڕوانگە. بۆیە ئەگەر بمانەوێ جیاوازیی تێڕوانینی شێرکۆ وگۆران لەیەك جیابکەینەوە، ئەوە سروشت "ئەوسنورە تەسك و تروسکانەی کە گۆران بۆی کێشابوو، دەبێتە سنوورێکی بە ئینسانیکراو کە بەهاکانی هەڵگریمانای ڕامیارییانەیە. سروشت لای شێرکۆ نایەت تا جوانی خۆی نمایش بکات، بەڵکو دەنگێکە کە دەنگی مرۆڤ و مێژوو دەگوازێتەوە "(نەرسیسی کوژراو/بەختیارعەلی، لەکتێبی: تیرێژەکان وشیعری شێرکۆ بێکەس،(سلێمانی)/١٩٩٩، ل٥٧).

هەر بۆیە لە قەسیدەی "کۆچ"دا دەبینین خەمی شێرکۆ لە فۆرمی شیعری ناوەستێ، بەڵکو خەمی ئەو چۆتە سەر دیدێکی فراوان بۆ زمان، ئەوەش وای کردووە پەیوەندیی ئەوی شاعیر لەتەك سروشتدا پەیوەندییەك بێت، ئەوەی دەکەوێتەنێوانیانەوە زمان بێت لە نێوان شاعیر و سرووشتدا. کاتێ زمان دەکەوێتە نێوانیان، بوونی ئەو بۆشاییە کە زمانە دەبێتە کەناڵی پەیوەندییان بەیەکەوە، مانای سەرەتای نووسینەوەی پەیوەندیی جیاوازە، ئەویش نووسینەوەی سروشتە لەڕێگەی زمانەوە. مەبەستمان نووسینەوە لەڕێگەی زمانەوە بە مانا "بارت"یەکەیەتی، چونکە ئەونووسینەوەیە تەقاندنەوەی خەیاڵگەی شاعیرە. بەوەش تەقاندنەوەی کانی، وەك ئاماژەیەك بۆ سروشت و مەمکی پەری خان، وەك ئاماژە بۆجەستەی دۆست دەبێ بە دۆنادۆنی ئەو پەیوەندییە. ئەوەش وادەکات پەیوەندیی نێوان شاعیر و سروشت پەیوەندییەك بێت لەو مانا گۆڕانییە جیاواز بێت. هۆیەکەشی ئەوەیە لای شێرکۆ ئەو پەیوەندییە هەڵگری دەلالەتی شاراوەیە و بە تەنیا هەڵگری ئەو مانایە نییە، کەئاماژە دەیگەیەنێت، بەڵکو ئەو ئاماژەیە دەبێ بە دەنگێك کە هەڵگریی "منی کوردی" و "مێژووی من"ە، بە مانای خود و مێژوو لەناو ئەودەنگەی سروشت دێنەبوون. هەر بۆیە باران بەلایەوە بە تەنیا وێنەیەك نییە بۆ سروشت، بەڵکو باران ئاماژەیەکی سروشتە کە خود و مێژوو لە ڕێگەی زمانەوە سروشت دەنووسنەوە. نووسینەوەی سروشت پەیوەستە بە کۆی ئەو تراژیدیە خودییەی شاعیر و مێژووی نەتەوە بەهەموو شکست و هەڵسانەوەکانیەوە. بۆیە لە بەرامبەر ئەو دوو شاعیرە تازەگەرەدا و بۆ ناسینی ئاستی جیاوازییان لە چەمکی سروشت بەختیار عەلی بڕوای وایە کە "سروشتی شێرکۆیی، گەوهەری خۆی دۆڕاندووە و، نەرسیسێکی کوژراوی لە دوای خۆی بەجێهێشتووە، سروشت لای گۆران خودی سروشتە لەوپەڕی ساتەکانی سەرسامی و مەستیا بە جوانییەکانیخۆی، بەڵام سروشتی شێرکۆیی، سروشتێکی ترە، سروشتێك خەسڵەتەکانی مرۆڤێکە تێکەڵاو ماناکانی بووە و ئامانجی دیکە بە وێنە ئاڵۆزەکانی سپێردراوە".(نەرسیسی کوژراو/ل٦٤).

پەیوەندیی مرۆڤ بە سروشتەوە .. گەڕانەوەیە بۆ یادەوەری زمان، یادەوەرییەك پەیوەستە بە زەمەنی بەسەرچوو، زەمەنێك زمان دەسبەرداری نەبووە بەوەی سروشت بەشدارە لە زیندەگیی خود. بۆیە پەیوەندیی فەرهاد بە ڕووبارەوە، بە تەنیا پەیوەندیی عاشقێك نییە بەسروشتەوە، وەك لای گۆران دەردەکەوێت، بەڵکو پەیوەندییەکە هەڵگری دەلالەتی مێژوویی و فکریشە. ئەوە بە تەنیا فەرهاد نییە چۆن توانای عەشقی لەو چەشنەی شیرینی هەیە، بەڵکو ئەوە فرە ڕوانینی دنیای ئێمەیە کە ئایا دەتوانین عەشقی فەرهاد لە ڕێگەی دۆنادۆنی نێوان مێژوو و سروشت بگوازینەوە بۆ خۆمان؟:

تۆ ببینە لێوی نافرێ و ناگاتە من؟!
فەرهاد شیرینی وات ئەوێ؟!
فەرهاد ڕووبارێکت ئەوێ
درەختی خۆی بخنکێنێ؟!
فەرهاد باڵدارێکت ئەوێ
هێلانەی خۆی بشێوێنێ و.
ڕازی بێ بەوەی کە نەفرێ؟!"
دووسروودی کێویی/لاپەرە٢٨.

چونکە بەلای شێرکۆوە هەر یەکە لە"فەرهاد، ڕووبار، درەخت" سێ ئاماژەی مێژووی نێو زمانن کە دیدی زمان لەناو شیعردا دەگۆڕن و لەچوارچێوەیەکی تەسکدا نایهێڵنەوە.

فراوانکردنی ئەو ڕووبەرەی زمان لە ڕێگەی گەڕانەوەیەوە بۆئەفسانەی دەڵەدێوی نووستوو، پەیوەندیی خودی کوردی بەئاوی سوور، دۆنادۆنی ئەو خودەیە لەتەك خوێن، کە مێژووی خود دەبێ بەمێژووی برین، هەربۆیە ڕووبار وەك ئاماژەیەکی سروشت هێما، سرووشتیەکەی خۆی تێکدەشکێنێ و بە دەلالەتی مێژوویی بارگاوی دەکرێتەوە. وەك چۆن لەدەقی "برایمۆك وگۆرانی بەفرو منداڵیم" دا ئەوە تەنیا سروشت نییە مانای تر وەردەگرێ، بەڵکو بەیتە کوردییەکانیش لەناو ئەو دەقەدا جارێکی تر بە ڕەهەندی جیاوازەوە دەنووسرێنەوە، نووسینەوەیەك کە بەیت تەنیا حیکایەتێکی بەسەرچوو نەبێت. هێندەی دەبێت بەڕووداوێك لەناو دۆخی هەنووکەیی زماندا دێتەبوون، ئەو ئاستەی ناومانای جیاواز ڕێك بە پێچەوانەی قەسیدەی "داستانی هەڵۆی سوور"ە. ئەو دەقە بەگژداچوونەوەی خودە لەتەك مێژوودا، هەوڵێکە بۆ گوتاری مانەوەی خود، ئەو گوتارە توانای خولقاندنەوەی زمانی نییە، بەڵکو لەناو تاکرەهەندیی ماناکانی ژیان و جوگرافیای شوێندا خۆی دادەخات:

لەو دەمەدا
پیاوانی خوێن و هەتاو دز
پیاوانی بیر عەمارەپۆ
لەناو لنگی سۆزانیەکانی تاراندا
لاسلکیان بۆ یەك ئەکرد"
داستانی هەڵۆی سوور/لاپەرە٣٠.

ئەو ئاستەش بەشێکی زۆری دەقەکەی تیادا دەژی، ئەوجۆرە زیندەگییە هەرلەناونیشانەوە تێیدەگەین، کە وشە ئاماژەیەکی نەگۆڕی هەیە ڕێگە نادات سروشت مانایەکی تر وەربگرێت. دیارە ئەوە وشە نییە ئەوکارە دەکات، بەڵکو سیستمکی ڕێکخەری ڕستەکە لەناو ئەو سێ وشەیەدا وامان لێدەکات ببینە خاوەنی وێنەیەکی نەگۆڕ. بە تایبەت ئەوەی لەو پرۆژەیە لامان نامۆنابێت، ئەوەیە کە ڕەنگی سوور لای شێرکۆ ئاماژەیە بۆ قوربانی و مەرگ و شەهیدبوون. وەك چۆن لە "کۆچ" دا ئاوی سوور هەمان دەلالەتی هەیە. بۆیە لە "داستانی هەڵۆیسوور"دا ڕەسم کردنەوەی سروشت چەمکێکی تەواو فەرامۆشکراوە لەناو مانای تردا، بەڵکو شتەکان هەر هەمان وەزیفەی نێو ژیانیان هەیە، ئەوەش هەرئەو وێنە سادەیەی سروشتە کە لای گۆران هەیە. دیارە ئەوەیان خەوشێکی نێو دەقەکە نییە، بەڵکو پەیوەندی بەوەوە هەیە شێرکۆ پێشتر لە "دوو سروودی کێوی"دا توانیبووی ئەو مانا "گۆران"ییە بۆ سروشت بگۆڕێت. بۆیە ئەوگەڕانەوەیە بەو چەشنە کە هەموو موفرەدە شیعرییەکان لەناو دەلالەتی شوێندا، تاکەوەزیفەیەکی دەستنیشانکراویان هەیە. داخستنی ئەو سیستمەی زمانە کە لەناو مەبەستەکانی دەقدا هەموو ماناکان دەکوژێت، دیارە دوای چەندین ئەزموونی تر ئەو گەڕانەوەیە لە بۆننامەدا جارێکی تر بینرایەوە، نەك هەرلەڕووی پەیوەندیی شێرکۆ بەتاکە ڕەهەندێك بۆ وشە، تەنانەت سروشتیش لەناو وەسف و پەیوەندیی سروشتی دەرناچێت. لێرەدا هەوڵ دەدەین هەڵوەستەیەکیکورت لەسەر "بۆننامە" بکەین و دواتر دەگەڕێینەوە سەر فەزای گشتیی بابەتەکە.

(٤)

کاتێك ڕووداوێك دەبێت بەزەمینەی ژێرخان بۆگوتاری دەق، ئەوکاتەی ئەو پرسیارەی لەهەناویکردەی وەرگرتن دێتەبوون، پرسیارە لەو ئاسۆیەی ئەو دەقە بەڕووی ڕووداودا ئاوەڵای دەکات, کە ئەو دەقە تاچەند توانای خولقاندنەوەی فەزایەکی سەربەخۆی هەیە،کە ئێمە لە ڕووداوەکەوە دەق نەناسین، بەڵکو دەق ببێتە هۆی ئەوەی دیدێکی ترمان بۆ بکاتەوە، تا ئەو ڕووداوەی تیاببینین. ئەوەش پەیوەندی بە فرە ئاستیی دەلالەتەوە هەیە لەناو دەقدا. بەڵام ئەوکاتەی دەق لەناو تاکە دەلالەتێکدا گیری خوارد، توانای زمان وابەستەیە بەتوانای ڕووداوەوە، کە ئەوەشیان بۆ هەر دەقێك هەڵگریکۆمەڵێك پرسیار و ڕوانینی ڕەخنەیی جیاوازە. ئەوەش وامان لێدەکات دەقی "بۆننامە" ببێت بەو هۆکارەی کە شێرکۆ بێکەس لەناو ئەو دەقەدا بە "دژەشێرکۆیی" ناوبەرین. ئەو ناوبردنە بەو مانایە نییە کە ئەو دەقێکی جیاوازمان پێدەبەخشێت، بە پێی خاسیەتەکانی شاعیرێکی تازەگەر کە دوای ئەوەی دڵنیابێت نەوەکان نەتوانن ئەفسانەی شێرکۆ تێکبشکێنن، ئەو لەڕێگەی گەڕانێکی تر ئەو ئەفسانەیە تێکبشکێنێت و بەدیدێکی تری شیعر ئاشنامان بکات. نا، بەڵکو تەواو بە پێچەوانەوە بۆننامە دەبێتە ئەزموونێکی دژە شێرکۆیی، چونکە فرە دەلالەتی وشە دەبێت بە قوربانی ڕووداوێکی سیاسی، بەوەی وشە لەناو تاکە دەلالەتی ڕووداودا دەمێنێتەوە و توانای ئەوەی نییە ڕەهەندی تربە وشەی دەنگی ببەخشێت، ئەگەر سیمیۆلۆژستەکان لەسەرئەوەکۆك بن کە مرۆڤ بوونەوەرێکی زمانەوانییە، دەپرسین: بۆچی شێرکۆ لەناو ڕووداودا بوونەوەرێکی سیاسیی زمانە؟ هەڵبەت بێ زمانی مەبەست لەگێڕانەوەی ڕووداوێکە کە شاعیریەتی ئەو لە گێڕانەوەیدا بەشدارنابێت. دەشێ بیانووی شێرکۆ بیانووی شاعیرێك نەبێت کە بوونەوەرێکی زمانەوانییە، بەڵکو شاعیرێکە دەیەوێ لەبەرامبەر ڕووداوە سیاسیەکاندا هەڵوێستیخۆی نیشان بدات، ئەوەش بۆ ساتەوەختێکی مێژوویی بگەڕێنێتەوە، بەوەی ڕووداوە مێژووییەکان دەبێت گەیاندنیحەقیقەت بن لەناو نووسیندا، ئەگەرچی حەقیقەت بەشیعریەت دەگۆڕێت بەئاڵوگۆڕکردنیشیان بەو واتایەی شاعیر دەیەوێت شیعرشوێنێکی تریشی بۆبگرێتەوە، تاوەکو وەزیفەیەکی تریش بەشیعر ببەخشێت، لەوکاتەدا ناچار دەبێت قوربانی بە بەشێکی ئەو پێکهاتەیە بدات کەسیستمی نووسین ڕێکدەخەن، بۆیە نووسین، ئەو سیستمە سەربەخۆیەیە کەدەبێ لەگەڵ بونیادی دەرەکی و لە دەرەوەی سیستم تێکەڵ نەکرێت.

چونکە ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی فەزای فرە ڕەهەند بدۆڕێنێت و ببێت بە خاوەنی تاکە فەزایەك، ئەوەش ڕەهەندی ناوڕووداوە و اقیعییەکەیە، کە وا دەکات خاوەنی وێنەی نەگۆربێت، بۆچی؟ چونکە بۆن لەو دەقەدا نابێتە ئاماژەیەك بۆ بەرهەمهێنانەوەی دەلالەت، بەڵکو پەیوەندیی بۆن بە شتەکانەوە، پەیوەندییەکی کۆنکرێتی نەگۆڕە. کە زمان بەشداری لە نووسینەوەی دەلالەتی بۆن ناکات، هێندەی پەیوەندیی سرووشتی خۆی لە تەك شتەکان دەژیێت. تەنانەت بەخشینی هێزێك کە لەجەستەی گوتاری سیاسیماندا خیانەتیش دەکات، دیسان بەخشینی تاکە دەلالەت و سەیرکردنی ئەو هێزەیە وەك هەر یەك لەشتەکان، نەك ئەو هێزە ببێت بە هێزی بۆن. بۆیە وێنەی دەنگی دال و وێنەیەکی نەگۆڕی نێو واقیعە، وێنەیەك نایەوێ دەلالەتەکانی بەر لە زمان بشکێنێت و لەناو دەقدا خۆی تەسلیمی زمان بکات بۆ نووسینەوە، بەڵکو ئەو وێنەیە بەنووسراوەیی دێتە ناو دەق و بە نەنووسراوەیش لەناو دەقدا تەواو دەبێت. بۆیە لەوکاتەدا چەمکی "مەرگی نووسەر" بە "مەرگیدەق" دەگۆڕدرێت، چونکە شاعیر زمان نانووسێتەوە، بەڵکو تاکە ڕەهەندی ئامادەبوو دەبێتە بەربەست لەبەردەم ڕەهەندە جیاوازەکاندا، کە دیارە دەقی تاکڕەهەندیش دەقێکی دژە شێرکۆییە، دەقێکە لەناو تاکە ڕەهەندی ئامادەی ڕووداودا مانا دەکوژێت.

ماوەیتی

# سینەمای کوردی لەخەونەوە بۆ یۆتۆپیا

کامەران جەمال *

گومان لەودانێیە کە هونەری فیلم سازی یەکێکە لەو هونەرانەی کەبوارێکی زۆر بۆ بیرکردنەوەو سەیرکردن دەرەخسێنێتو ئاسۆیەکی بەرفراوانو کراوەیە لەبەردەم هزری مرۆڤایەتیداو سات لەدوای سات بەدوای کەشفی تازەدا دەگەڕێت، هەمیشەکاری داهێنەرانە دەهێنێتە ناوبوونەوە، یەکێکە لەچەکە هەرە بەهێزەکانی دونیای ڕۆشنبیریو فکری هەر میللەتێك کەبتوانێ بەهۆیەوە شانازی بەزمانو کەلتورو دەنگورەنگی خۆیەوە بکات هەروەك گەورە دەرهێنەری جیهانی دیزجا فیرتۆف ئەڵێ: (سینەما تلیاکی گەلانە)، بەو واتایە کەئیدی میللەتێك نیێە لەسەر ئەم ئەستێرەیە بتوانێت بێ هونەری فیلم سازی بژیو لەدەرەوەی ئەم هونەرە مەزنەی دنیا هەڵبکات. بەڵام ئەفسوس کەتراژیدیای ئێمە لێرەوە دەست پێدەکات، ئێمە لەکاتێکدا باس لەڕۆڵیئەم هونەرە گەورەیەی دنیادەکەین کەئەو تەمەنی هونەری خۆی زیاد لەسەدەیەك تێپەڕاندوەو وەك نەیزەکێك زۆر بەخێرایی بەلاماندا دەگوزەرێ" لەگەڵ بوونی ئەم ڕاستیەشدا ئێمە وەك میللەتێك ڕەنگە هیچ گوناهێکمان نەبێت بەرامبەر بە بەجێماویمان لەم هونەرە گەورەیەی دنیادا لەبەرئەوەی ئێمە میللەتێك بووین بەدرێژایی مێژوومان هەمیشە یەکەمین قوربانی دەستی ئەو تەکنەلۆژیا نابینایە بووین کەهیچ دەستکەوتێکمان لەسودەکانی نەبینیوە. بەپێچەوانەوە هەمیشە دەسەڵاتە فاشیزمو تۆتالیتاریێە یەك لەدوای یەکەکانی بۆ بەرهەم هێناوین.

بەهەر حاڵ وائەمرۆش دوای (١٣)ساڵ خەو بینین بەکۆمەڵگای مەدەنیو دیموکراسیێەوە، هونەرمەندان وەك چۆن دەست پێشخەربوون لەکایە مەعریفیو هونەریێەکاندا... وائەم جارەش کۆمەڵێك لەهونەرمەندان کەدەرچووی ئەکادیمیای بەشی سینەمای زانکۆکانی خۆرئاوان" توانیویانە بەوپەڕی لەخۆبردووییو جورئەتەوە ڕووبەڕووی ئەم هونەرە گەورەیەی دنیا ببنەوەو لەهەوڵی دامەزراندنی پەیمانگایەکی سینەماییدان کەجێگای ئەوپەڕی دەستخۆشیو پیرۆزباییە. وەئێمە هیوامان دەخواست کەبتوانن بەوپەڕی سەرکەوتنەوە ئەو خەونە لەمێژینەیەی هونەرمەندانو هونەردۆستان بهێننەدیو ئێمەش وەك میللەتی کورد بتوانین ببینە خاوەن شاشەی زیوینی خۆمانو لەو ڕەوتە هونەریێەدا سنووری دنیا ببڕین.

ئەرکی سەرشانی ئەو هونەرمەندە بەڕێزانەش بەزەرورەت ئەوەبوو کەبتوانن بەوپەڕی ڕاستگۆییێەوە شاهیدی سەردەمی خۆیان بنو لەو زەمەندا بژینو بەرگری لەبەها ئینسانیەکان بکەن. بێگومان ئەمەش بەپشت بەستن بەئەقڵێکی ڕاڤەکارو ئەکادیمیو خاوەن گوتاری فیکریو مەعریفیو ئیستاتیکی دەبێت" ئەقڵێك کەبەردەوام بێت لەگەڕانو پشکنینو کاری تازەگەریانەدا لەناو وێستگە مەعرفیەکانداو دوور لەهەموو دۆگمابوونو وەستانێك لەیەك ماڵو لەیەك وێستگەی فیکریدا. لەبەرئەوەی لەئێستادا جیهان پڕە لەوێنەی ئاژاوەو ژاوەژاوی گەورەو قێزەون، پڕە لەئەقڵیەتی بەربەریەتو وەحشیەتو دوور لەئینسانیەت. لەبەرئەوە ئەرکی وێنەیە کەبتوانێت بەوپەڕی جورئەتەوە ڕووبەڕووی ئەو وێنە جەنگەڵیانە بوەستێتەوە. بێگومان ئەمەش بەزمانی دروشم خوازی نایەتەدی، بەڵکو لەڕێگای پرسیارە ئەنتۆلۆژیێەکانەوە دێتەدی کەبتوانێت جارێکیتر مانا بەبوونی ڕەسەنی مرۆڤ ببەخشێتەوە. هەروەك جیل دۆلۆز دەڵێت: (سینەمای تازە بەردەوام پرسیارێك دەکات کەئەو هێزە تازانە چین کەوێنەپێك دەهێنن؟هەروەها ئەو ئاماژە تازانە کامانەن کەشاشەی سینەما داگیر دەکەن؟).

بەڵام ئەفسوس کێشەکە لێرەوە سەرچاوە دەگرێت" لەکاتێکدا سەرباری هەوڵو ماندووبوونی ئەو ستافە سینەماکارە بەڕێزانەو ئەو کێشە گەورانەی کەبواری سینەما لەگەڵ خۆیدا هەڵی گرتووە کەچی هێشتر بەرپرسان بێگوێدانە گرنگی ئەو بوارە زیندووە داوامان لێدەکەن خەونەکانمان دوابخەینو لەچینەکانی سەهۆڵی بئاخنین.

ئەمە لەکاتێکدا کەنەك کوردستان بەڵکو تەواوی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەبەردەم گۆرانکاریێەکی گەورەی کلتوریو ئابووریو سیاسیێدایە. ئیدی دەبێت هونەرمەندان خەونەکانیان هەڵگرن بۆ چ زەمەنێك؟

هەربۆیە داواکرین کەبەزووترین کات حکومەتی هەرێمی کوردستان بەدەم ئەم خەونەی هونەرمەندانەوە بچێتو کارئاسانیان بۆبکرێتو هەموو ئەو پێداویستیو تەقەنیاتانەیان بۆدابین بکەن تاکو خەونەکانمان نەبێتە یۆتۆپیاو ئەم هەلە ئاڵتوونیەمان لەدەست نەچێت.

institut kurde de paris

# سونگول چاپوك

# گەمە بەسەرووەرییەکانی دۆزی نەتەوەی کورد دەکات!

نوسینی: حاجی مەمۆ *

لەوەتەی مرۆڤی (کورد) ناوی خۆی لەسەر زێدی دێر زەمانەکەی (کوردستان)دا گوێ بیستووەو لەنگەری پێوە گرتووە بەردەوام بەئاواتو خۆزگەی ئازادیو ژیانی بەختەوەریو ئاسودەییەوە خەونی دیتوە. دیارە قەدەری رۆژگاری چەپگەرد ئەوە بووە چارەنووسی پارچە پارچەی وڵاتەکەی بەچەندان وڵاتی دەوروبەرەوە گرێ بداتو لەڕووی نەخشەی رەسمی جیهانیشەوە نازناوی (کوردستان) لەبن دەریای رقو کینەی داگیرکاران بشاردرێتەوە، ئیتر بەبێ ئەوەی پرسێك بەکورد کرابێتو بگرە بەزۆری زۆردارەکی نەتەوەی کوردو وڵاتەکەی بەنەتەوەو ئەو وڵاتانەوە لکێنراوە کە تەنیا فاکتەری ئایینی لەیەکیانی نزیك کردونەتەوە. بەجۆرێك لاپەڕەکانی مێژووی کۆنی خەلافەتی جۆربەجۆری حکومەتی ئیسلامانو چیرۆکی چۆنیەتی دروستبونی دەستکردانی دەوڵەتە داگیرکارەکانی کوردستان شایەتی بەشداریو قوربانیدانی نەپساوەو بێهودەی نەتەوەی کوردمان لەو پێناوەودا بۆ دەگێڕێتەوە. کە خەڵکانی کورد لەڕووی سەربازیو ئیداریو کەلتوریو ئایینیو هەتا شادەماری ئابوری ئەو دەوڵەتو وڵاتانەیان (تورکیا، ئێران، عێراق، سوریا) پێکهێناوە. کورد بێ پەرواو لەژێر هەر پەردەو بۆچونێك دا بێت بەدرێژایی مێژووی رابردوو، خزمەتی ئەو چوارچێوە دەستکردانەیان کردوەو سەرکەوتنو مانەوەی ئەو دەوڵەتانەیان زامنکردوەو بۆ بەرەو پێشەوەبردنی ئەو وڵاتانەش قوربانی بێ شوماریان داوە. کەچی بەپراکتیك ئەو هەموو لاوچاکیو دۆستایەتیو هەستی یەك لایەنەی برایەتی کورد هەمیشە بەئاگرو ئاسن وەڵام دراوەتەوە، رۆڵەکانی کورد لەسەر بچوکترین مافو حقوق داواکردن دا زیندانو راگواستنیان چارەنوس بووە. بۆ هەر جوڵانەوەو راپەڕینێکی عادیلانەی نەتەوەکەمان، کوردستان بەر شاڵاوی سوتانو وێرانکردن بووەتەوە. رژێمی ئەو نەتەوانەی سەردەستە بای کلۆجێك ئامادە نەبونە ئاشتییانەو شارستانیانە وەڵامی خواستەکانی کورد بدەنەوە.

لەشانی ئەو چیرۆکە تراژیدیاوییەوە، سەرباری هەموو رەنجو کۆششو هەوڵدانەکان، هێشتا نەتەوەی کورد بەچاوی دۆستایەتییەکی بێ فرو فێڵ، سەیری ئەو کەمینە نەتەوەییو مەزهەبیو رەگەزیانەی کردووە کە بەهەر شێوەیەك بێت لەکوردستان دا ژیاونو دەژین. نەتەوەی کورد بەوپەڕی جوامێریو سنگ فراوانییەوە. ئامێزی بۆ لەباوەشگرتنی ئەو تورکمانو عەرەبو مەسیحیو شیعە، ئاشورییانە گرتۆتەوە کە لەکوردستاندا ماونو ئەوانە بەوپەڕی ئازادیو ئارەزووی خۆیانەوە گەشەیان کردووەو خۆیان بەڕێوە بردووەو لەگەڵ کورد تێکەڵ بونەو گیانێکی دۆستایەتی هاوبەشیان پێکەوە سازاندووە.

هەتا ئەوانەش کە بەچاوی داگیرکارو نیشتەجێکەری مەبەستی زەوتکردنی سامانو زەوی خاکی کوردستان شاڵاویان هێناوەو جێگیرکراون، لەکاتی پێویستو تەنگانەدا، کورد چاوی لێ پۆشیوونو رێزیان لێگیراوەو کورد بەنانو ژیان هاوکاری کردوونو کورد نانو ئاوی خۆی لەگەڵ بەشکردون.. کورد هەرگیز یەك لایەنە بیری لەخۆی نەکردوەتەوەو بەچاوتێرییەکی مرۆڤانەو شارستانیانە روانیویەتی دۆستایەتی لەگەڵ عەرەبو تورکو فارس، رێکەوت ئەوانەی لەسنوری کوردستان دا ژیاون، بەڵام ئەوەتە ئەو کەمینە نەتەوەییانە هەر کاتێك داشیان سوار بووبێتو سێبەری خۆیان دیبێتەوە، نەوەك هەر بەدۆستایەتیو برایەتی کورد رازی نەبونەو بگرە بای کلۆجێك لەئاست ئەو قوربانیدانو گیانە بەرزەی کوردا نەبونە.

لەکورتی لەوەتەی تورکمانو عەرەبو مەسیحییەکان تێکەڵ بەکورد لەکوردستان دا هەن، ئەگەر رووداوی تاكو تەراو شەخسی ئێرەو ئەوێی لێ دەرچێ، دەنا هەمیشە ئەو کەمینانە لەژیانێکی ئەوپەڕی مسۆگەرو هێمنانەو بێ گیروگرفت ژیاون، لەلایەن کوردەوە رێزیان لێگیراوەو هەموو دەمو زەمانێك لەبەکارهێنانو خوێندنو بڵاوکردنەوەی زمانی دایکیان ئازادبونەو رێگای بڵاوکردنەوەی رۆشنبیریو کەلتوری نەتەوەیی خۆیان بۆ واڵا کراوەتەوە، کەچی دەسەڵاتدارەکانی دەوڵەتە داگیرکارەکانی کوردستان، هەرجۆرە خوێندنو قسەکردنێکیان بەزمانی کوردی لەسەر خاکی کوردی یاساغ کردووە.

تورکمانەکانو عەرەبەکان، مەسیحییەکان ئازاد بونە لەبەرکردنو شانازیکردن بەجلوبەرگی میللی خۆیان، بەڵام بۆ کورد ئەوە بقەو یاساغ بووە. کورد بەپێچەوانەی کردارو گفتاری درۆزنانەی رژێمە داگیرکارەکان، هەموو جۆرە خۆ خوێندنەوەیەکی نەتەوەییان بۆ ئەو تورکمانو عەرەبو مەسیحییانە بەڕەوا بینیوەو پشتگیری بۆ مسۆگەر کردون.

لەوەتەش حکومەتی کوردیو پەرلەمان لەکوردستانی خوارو (عێراق)دا سەری هەڵداوە، ئەو ئازادیو بگرە بەشداریو پرسکردنە بۆ تورکمانو ئەو کەمینە نەتەوەییانە لەکوردستانی ئازاد دابین بووە، هەرگیز ئەوانە بەخەونیش ئەوەیان لەسایەی رژێمەکانی عێراقو سوریاو ئێرانو تورکیا نەدیتوە. کەچی ئەمڕۆ سەرباری ئەو واقیعەی بەرچاوەی کوردستان، هێشتا هەندێ لەنوێنەرەکانی بەرەی تورکمانی هەر کاتێكو لەهەر شوێنێك بواریان بۆ بخولقێ بەهەمان ئاوازی شۆڤینیانەی رەتکرانەوەی ناسنامەی کورد لەسەر خاکی خۆی کە لەلایەن دەوڵەتە داگیرکەرەکانەوە کراوەو دەکرێ. چەند دەنگێکی ناسازی وەك خانمی (سونگول) جوینەوەی بنێشتە خۆشەی شێواندنی راستییەکانو پەلاماردانە سەرووەرییە نەتەوەییەکانی کورد — یان کردۆتە لێدانەوەی ئەو قەوانە سواوەی کە گەرەکیانە سڕینەوەو تەفرو توناکردنی نەتەوەی کورد بووە.

ئەو جۆرە دەنگە نەخۆشانە پێش هەموو شتێك بەتورکمانو عەرەبی کوردستان نەیارنو لەژێر پەردەیەکی رەشی شاراوە، تۆمەتە بێ بناغەو بوختانە هەڵبەستووەکانیان دەهۆننەوە، تاکو بەو نیازە چەتونە بگەن کەدۆستایەتی نێوان نەتەوەی کوردو کەمینەی تورکمانو عەرەبو ئەوانی دیکە لەکوردستان تێك بدەنو ئاژاوەیەکی مەبەستدار بخوڵقێنن.

ئەمجارەیان لەسەر لاپەڕەی رۆژنامەیەکی وەك (الشرق الاوسط)ی دوورە وڵاتی عەرەبان کەوا دیارە زۆر بێ ئاگان لەڕەوتی راستی رووداوەکانی کوردستانو عێراق، خانمی (سونگول چاپوك) بەدیمانەیەکی تەلەفونی کەوتۆتە پەلارمادانێکی رووتو بێ بیانوو دوور لەهەر جۆرە راستییەك..

جارێ لەپێشەوە ئەو خوێنەرەی بەتایبەت ئەو عەرەبانەی دوورە وڵات کە ژمارە (٩٤٢٧)ی رۆژی ٢٠٠٤/٩/١٩ ئەو رۆژنامەیان بەرچاو کەوتبێ، لەپێشەوە شاگەشکەی کەشف کردنێکی زۆر گەورەی رۆژنامەکە بون کەوەستایانە لەپەردەی بوختان هەڵبەستنێکی ژێر ناوی (سونگول) خانو کوردانی تورکیو سوری ئێرانی کەرکوك ـ یان سیخناخ کردووە! رۆژنامە نوسەکە وەك ئەوەی هەنگوینی شەکری بیابانی عەرەبی کەوتبێتە ژێر زمانەوە، بەوپەڕی داخ لەدڵانەی پڕ هەستو نەستی شۆڤێنییانە کەوتۆتە هۆنینەوەی وردو درشتی شەکر شکاندنەکانی ئەو خانمە. بەجۆرێك گوتە بێ بناغەکانی (سونگول) خانی رەنگو بۆ کردووە کە رەنگبێ خانمی ناوبراو لەبەرانبەریان واقی وڕما بێ! چونکە ئەگەر ئەوە زەقکردنەوەی ژێر مەبەستی گوفەکێك بیرکردنەوەی دژایەتی کردنو بەسوك کردنی دۆزی رەوای نەتەوەیەکی زوڵملێکراوی وەك کورد نەبێ لەسەر لاپەڕەکانی ئەو رۆژنامەیە بۆ بەرچاوی خوێنەر عەرەب، چیتر دەگەیەنێ؟.

(معد فیاض)ی رۆژنامەنووسی ئەو دیدارە تەلەفۆنییە، بەو سەرە چیلکە چروکەی دەستی دەیەوێ پەیڤە بێ بنجو بنەوانەکانی (سونگول)خان، ختختۆکەی هەستو نەستێك بدات کەتەنیا بۆنی سوکایەتی کردن بەدۆزی نەتەوەی کوردی بەچاوەوەیە، دەنا مەودایەکی لەمێژە ئەو خانمە لێرەو لەوێ بەو قسەو قسەلۆکانە خۆی بادەداتو مامەڵە بەکاڵایەکی بێ رەواج دەکات، کەچی کەسێکی وەك (معد فیاض)ی بۆی مارنج کردووە. جارێك ئەو گوتە بێ بناغانە بەمانشێتی تۆخ ی تۆمەتاوی کردۆتە پێش قاولی ناساندنی ئەو هەڤپەیڤینەو لەڕووی پێشەوەی لاپەڕەی یەکەمی بڵاوکردنەوەو وەك عەرزێکی ئامادەکراو بەیەك دەسرازەی وشەی رێزکراو بەندو باڵۆرەکانی خانم دەخاتەڕوو، پاشان بۆ جارێکی دیکەش گوایە دەقی گوتەکانی ناوبراو لەلاپەڕەی دووی ناوەوەی رۆژنامەکە دووپات دەکاتەوە، بەلاسایی کردنی هەمان پرنسیپی (گوبلز) ئەڵمانی کەگوتویە، (درۆ بکەو درۆ بکە، هەتاکو پێت باوەڕ دەکەن) بۆ بەڵگەش ئایا بۆ رۆژنامەی ناوبراو راستگۆییو ساغی پەیامی رۆژنامەگەرێتی ئەوەندە زەحمەت بوو، بۆ سڵکردنەوەو دڵنیا بون لەو گفتوگۆ ژەهراوییە، پەیوەندی بەنوێنەرێکی کوردان لەکەرکوك، یاخود هەر هیچ نەبێت نوێنەری حکومەتی عێراقیو ئەو ئەنجومەنەی خانم ئەندامە لێی بکاتو لەگەڵ ناوەڕۆکی قسەکانی (سونگول) خان پێکیان بگرێتو هەردوولایان بڵاو بکاتەوە.

بێگومان مەبەستی (معدفیاض) لەو بایەخدانە بێ مانایە بەدەمو لوتفی ئەو خانمە کە بەرانبەر نەتەوەیەکی ستەمدیدەی وەك کورد، دامرکاندنەوەی داخ لەدڵیەو هیچیتر.

رۆژنامەنوس (معد فیاض) لەدرێژەی هەڵبەستەکانی ژێر سێبەری قسەکانی خانم (سونگول)دا، هەموو جۆرە نەرێتو تراديسونێکی بوێرانەی ژێر پێ خستووەو بەپێی حەزە تایبەتییەکانی خۆی کەوتۆتە رازاندنەوەیەکی لەتام دەرچووی پەیڤەکانی ئەو خانمە، بەو هیوایەی ناوبراو نهێنییەکەی زۆر گرنگی لەئەمڕۆی عێراقو کوردستان دۆزیوەتەوە کە نەدە بوو بەڕێوەبەرانی ئەو رۆژنامەیە رێگا بەم جۆرە شێواندنە مەبەستدارەی رووی راستی واقیعی کوردستانو عێراق بدەن، لاپەڕەکانی رۆژنامەکە نەکرێتە قوژبنێکی تەسكو تریسك بۆ دەست خستنە هەوکی راستییەکانو خنکاندیانو قیتکردنەوەی شێواندنو سوك کردنی نەتەوەیەك جێی بکرێتەوە. معد فیاض و رۆژنامەی (الشرق الاوسط) بەبڵاوکردنەوەی لەمجۆرە بەندو باڵۆرەو بانگەشە بۆکردنی، تارادەیەکی زۆر موسداقیەتی رۆژنامەگەری لەدەستداوەو رووی خۆی زیاتر لەبەرچاوی خوێنەری هوشیارو تێکڕای رۆڵەکانی نەتەوەی کورد ناشیرین کردووەو ئیتر لەمەودوا بەرەزاگرانی تەماشای دەکرێت.

پاشان هەڵوەستەکردنێکی بەرز بەڕووی گوتە بێ سەرو بەرەکانی خانمی (سونگول) لەسەر رووپەڕی یەكو دووی ئەو ژمارەیەی رۆژنامەی (الشرق الاوسط)دا، دووبارەو چەند بارە ئەوەمان لەلا ساغ دەکاتەوە کە (معد فیاض) و خودی رۆژنانەکەش لەسەر بەردێکی رەقو تەقی بنگۆمی ئاوێکی شلوێ مەلەیەکی ماندووکارانە دەکەن، بەو هیوایەی دۆزی هێمنیو دۆستایەتی نێوان کوردو کەمە نەتەوەییەکانی کوردستان بەگشتیو (کەرکوك) بەتایبەت دەکەنە مایەی سێرەگرتن لەپێکانی مەبەستە پڕ گومانەکانیان.

رۆژنامەی (الشرق الاوسط) و پەیامنێرەکەی بەم ناونیشانەی بەر سێبەری لەچەکی (سونگول) خان دا زۆر بێ شەرمانە بڵاوی کردۆتەوە:

—پارتە کوردییەکان کەوتونەتە نیشتەجێکردنی کوردی تورکیو سوریو ئێرانی لەکەرکوك.

ئەم ئەدرێسە هەلەقو مەلەقەی (معد فیاض) مەگەر هەر لەقوتوی مێشکێکی ژەنگاوی سەردەمی کۆنەوە وجودی هەبوو بێت، دەنا لەچ نەریتو پێودانگێکی هەتا بەرچنگی خودی ئەو رۆژنامەیە لەخەڵکانی دی قبوڵ دەکەن بەنەتەوەی عەرەب بڵێن" عەرەبی تورکیو ئێرانیو کوردستانی!!

خۆرایی سوکایەتی بەنەتەوەیەك بکەن، خۆیان سوكو بێ کەلتورو نەخۆشن.. باشترو دروستتر وانەبوو خودی (معد فیاض) و رۆژنامەکەی نەکەوتە ژێر کاریگەری درۆیەکانی سونگولو خەڵکی کورد بریندار نەکەنو ئاوا بەبێ هیچ موناسەبەیەك نەکەونە بانگەشە بڵاوکردنەوەیەکی نامەسئولانەی شێواندنی راستییەکان. بەدڵنیایەوە ناوبراوو رۆژنامەی (الشرق الاوسط) چاك ئەوە دەزانن کە ئەگەر کوردستانیش وڵاتێکی سەربەخۆ نەبێت، ئەوە سنورەکەی دابەشکراوە بەزۆری زۆردارەکی ژێر سێبەری غەدری مێژووی زلهێزەکان بەچەند دەوڵەتی دراوسێوە لکێنراوە، نەتەوەی کورد نە تورکیو نە سوریو نە ئێرانییە، هەروەك چۆن نەتەوەی تورك، نە تورکی عەرەبیو کوردیو ئەفغانییە!




بەڵکو کوردیش لەهەر کوێیەك هەبێت بەشێکی نەتەوەی کوردنو ئەوە مێژووی چەپەڵە قەدەری کوردستانی بەوڵاتانی تورکیاو ئێرانو عێراقو سوریا — وە بەستۆتەوە، ئیتر بۆ دەبێ رۆژنامەیەکی وەك (الشرق الاوسط) سوکایەتی بەسەرووەری نەتەوایەتی مان بکات! ئێمە دەزانین ئەو دەنگۆ کزو لەرزۆکانە گەرەکیانە گەمە بەدۆزی رەوای نەتەوەکەمانو کوردستان بکەنو ئەو واقیعە نوێیەی لەناوچەکە بەگشتیو کوردستانو عێراق بەتایبەتی هاتۆتە پێشەوە بشێوێننو گەمەی عەقڵی نەخۆشی خۆیانی تێدا بکەن لەلایەك، دواتر زۆرتر مەبەستیانە دیدی خوێنەری عەرەبی ئازادیخوازو دیموکراتی پێ سەر چیغ بەرنو تێکڕای نەتەوەی عەرەب لەکورد بووروژێنن! وەك ئەوەی چۆن لەرابردوو لەلایەن خەڵكو رژێمە گەندەڵەکانی داگیرکەری کوردستان، مرۆڤی کورد لەسەر خاکی خۆیدا بەمشەخۆرو میوانو مرۆڤی پلە دوو مامەڵەی لەگەڵ کراوە، ئێستاکەش کورد هەر بەکوردی تورکیو کوردی عەرەبو کوردی ئێرانی ناوزەد بکرێ!! بێگومان ئەگەر ئەوە دیدوبۆچونی خانمی (سونگول)ی داخ لەدڵ بێت کەبەلای ئێمەوە بایەخێکی ئەوتۆی نییە، بەڵام بۆ دەبێ لەلایەن رۆژنامەیەکی وەك (الشرق الاوسط) بەوجۆرە دەهۆڵی بۆ لێ بدرێو دوو جاران لەسەر یەكو لەدوو لاپەڕەی دوا یەکتری هەمان ژمارە، هەمان رستەو دێڕەکان زەق بکرێتەوە!.

بۆ لاپەڕە (١٥)

---

# کوردو ناسیۆنالیزمی عەرەبی:

# لەچاوەڕوانی (هەڵگەڕانەوە)ی برا چاوڕەشەکانماندا..

بابکر درەیی *

تێپەڕینی زیاتر لەساڵونیوێك بەسەر ئازادکردنی عێراق لەدەستی رژێمی بەعسو ناسۆنالیزمی چەکداری بەعسدا گۆڕانکارییەکی ئێجگار قەبە لەناوخۆی عێراقو ناوچەکەدا هاتۆتەئاراوە, یاخود خەریکە بهێنرێتەئاراوە.

ئەوەی لەگشت مەسەلەیەك زیاتر پێویستی بەوردبونەوەو شیکردنەوەو تێڕامانە ئەو دەسکەوتە سیاسیانەن کە گەلی کورد توانیویەتی یاخود دەتوانێ لەم پرۆسە جیهانی — ناوچەییەدا وەدەستی بهێنیو لەئاقاری خۆشترکردنی ژیانی کۆمەلانی خەڵکی کوردستاندا کاری لەسەر بکات.

بێگومان ئەوەی بۆ گەلی ئێمە لەهەر مەسەلەیەك گرنگترەو بایەخی پلەیەکی هەیە, لەوەدا خۆیدەنوێنێ کە هاوشان لەگەڵ مۆدێرنکردنو پیشەسازیکردنو قایمکردنی ژێرخانی ئابوری کوردستاندا, پرۆسیسێکی هاوشانو هاوتەریب لەئازادی سیاسیو پلۆرالیزمو نەریتە خۆرئاواییەکان لەکوردستاندا بچەسپێنو دانیشتوانی کوردستان — لەورێگایەوە— لەپێشکەوتوترین نیعمەتەکانی ئەقڵی مرۆڤ کە لە مۆدێرنیزمی خۆرئاواییو نەریتە خۆرئاواییەکاندا خۆیدەبینێتەوە بەهرەمەند بن.

بەڵام ئایا ئەو دوو مەسەلەیەی سەرەوە (مۆدێرنەکردنی ژێرخانی ئابوریو چەسپاندنی نەریتی دیموکراسی) بەهەمان ئەندازەی بایەخیان بۆ کوردو سەرکردایەتی سیاسی کورد بەلای برا عەرەبەکانیشمانەوە ئاوا بایەخدارن؟ ئایا وەرگرتنی شارستانیەتی نوێی مرۆڤ بەهەموو رەهەندە ئابوریو سیاسیەکانیەوە بۆتە "مەسەلە" بۆ نوخبەو کەسانی دەوروبەرو پەراوێزی نوخبە لەعێراقی هاوچەرخدا؟

بێگومان روداوەکانی ژیانی خەڵکی عێراق بەگشتیو کوشتنی (١٣) پۆلیسی کورد لەشاری خانەقین لەکاتی گەڕانەوەیاندا لەباشور, هەروەها داکۆکی دیبلۆماسیانەی پارێزگاری دیالە لەشۆڤێنیەت لەچەند هەفتەی پێشوودا, دەریان خست کە "برا چاوڕەشەکانمان" هێشتا زۆریان ماوە لەخەوی سەدان ساڵەیان راست ببنەوەو دەوروبەری خۆیان بەشێوەیەکی لۆجیکی لێك بدەنەوە.

واوەتر لەمەسەلەی کوشتوکوشتاری رۆژانەی باشور لەلایەن ناسیۆنالیستە توندڕەوەکانو ئیسلامیەکانەوە, کێشەی گرنگو مەترسیدار بۆ کورد خودی "نوخبە"ی عەرەبی دەسەڵاتدارە لەعێراقدا.

ئاشکرایە هیچ کەس لەکوردستاندا بەئەندازەی نوخبەی دەسەڵاتداری کورد ئەزمونی تاڵی لەگەڵ تاقمە یەك لەدوای یەکەکانی (دەسەڵات) لەعێراقدا نیە, لەگەڵ ئەوەشدا کات وادەخوازێ سەرلەنوێ ئەوە وەبیربهێنینەوە کە مەترسی "هەڵگەڕانەوە"ی برا عەرەبەکانمان دژ بە خواستیگەلی کورد مەترسییەکی نزیکەو پێویستە حساباتی وردتری بۆ بکرێ.

پرۆسەی "هەڵگەڕانەوە" لەپرەنسیپو بەها سیاسیو ئەخلاقیەکانی دونیای مۆدێرن — بێگومان — پرۆسەیەکی (عێراقی) روت نیەو شارەزایانو لێکۆڵەرەکان لەئاستی جیهانیدا توێژینەوەی وردودرێژیان لەسەر ئەنجامداوە. وەك نمونەو کۆتایی ئەم چەند رستەیەمان بەشێك لەو شیکردنەوە سەرکەوتوانەیەی سامۆئێل هانتینگتون دەخەینە بەرچاوی خوێنەران کە لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (پێکدادانی شارستانیەتەکان) (چاپی لەندەن ل٩٣). زۆر بەدرێژی لەسەری دواوەو مەترسی هەڵگەڕانەوەی سەرکردە سیاسیەکانی خۆرهەڵات وەك شمشێری دامۆکلیس دەخاتە بەرچاومان.. دەڵێ:

پێویست ناکات لەپرۆسەی خۆماڵیبونەوەدا چاوەڕێی دووەمین نەوە بین, چونکە رابەرە لێزانو بەتواناو گونجاوەکانی نەوەی یەکەم پێشتر خۆیان (خۆجێی) کردۆتەوە! سێ حاڵەتی بەرچاو هەن کە بریتین لەموحەمەد علی جیناح, هاریلیو سلومۆن بەندەرناکی. ئەمانە بەڕیز باشترین دەرچوانی زانکۆکانی ئۆکسفۆردو کامبیرجو لیکۆڵن ئین بوونو بونە پارێزەری پلەیەكو بەتەواوی بونە ئەندامانی خۆرئاوایی دەستەی هەڵبژاردەی کۆمەڵەکانیان.

جیناح سیکولاریستێکی مولتەزیم بو، (لی)ش، بەوتەی وەزیرێکی کابینەی بەریتانیا "کەڵەشەق ترین مرۆڤێکی ئینگلیز بو لەخۆرهەڵاتی سویزدا"، "بەندەرنایك"یش بوە رەواجپێدەری مەسیحیەت.

بەڵام ئەمانە بۆئەوەی نەتەوەکانیان رابەری بکەن لەقۆناغی سەربەخۆیی و پاش سەربەخۆییدا، دەبوایە "نەتەوەیی" (خۆماڵی) ببنەوەو بەوجۆرە هەڵگەڕانەوە بۆ کلتورە میراتیەکانیان لەپرۆسەیەکداو لەکاتی خۆیدا: ناسنامە، ناو، جلوبەرگو سەرەنجام قەناعەتەکانیشیان گۆڕی.

محمد علی جیناحی پارێزەری ئینگلیزی بو بە (قائیدی ئەعزەم)، هاریلی بو بە "لی کوان یو" جیناحی سیکولاریست بوە پرخرۆشترین رابەری ئیسلام لەپێناوی دامەزراندنی حکومەتی پاکستاندا, (لی) ئەنگلۆفید خۆی فێری زمانی ماندارین کردو بو بە خەتیبی رەواجپێدەری کۆنفۆشیوسی, بەندەرنایکی مەسیحی هەڵگەڕایەوە بۆ بودائیزمو چەسپاپەوە بەناسیۆنالیزمی سینهالییەوە".




هانتینگتۆن باس لە نەوەی یەکەمی رابەرانی دونیای سێ ئەکاتو نمونەکانی باس ئەکاتو دەڵێ پێویست ناکات چاوەڕێی نەوەی دووەم بین, چونکە خودی نەوەی یەکەم لەدژی خۆرئاوا وەستاونەتەوە چ جای ئەوەی کە نەوەی دووەم پێبگات.

پرسیاری ئێمەش دەشێ ئەوە بێت: ئایا کاتێك دەرچوانی زانکۆکانی ئۆکسفۆردو کامبردج بەوجۆرەیان لێبەسەرهاتبێو نەیانتوانیبێ مۆدێرنیزمی خۆرئاوایی پیادەبکەن, دەبێ دەرچوانی زانکۆکانی ژێر سایەی بەعسو قوتابخانەی بەعسو سعودیە چییان لێچاوەڕوان بکرێت؟ بەتایبەت لەوکاتەدا کە بزانین گەلی کورد هەر لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە تاکو ئێستا چەندین جار توشی گێژاوی بەخشینی متمانەی خۆڕایی بۆتەوەو سەرەنجام هیچی پێنەبڕاوەو گشت ئەو خەباتو هەوڵانەش کە لەپێناوی ژیانێکی ئازاددا دابونی میوەیەکیان لێنەکەوتەوە.

راستە چەسپاندنی مافەکان لەگشت حاڵێکدا پەیوەندی بەپارسەنگی هێزی سیاسیو عەسکەریەوە هەیە, بەڵام کاتێك مافەکانی کورد بەشێوەی یاساو لەچوارچێوەیەکی ئەقڵانیدا رێکخرابن, سەندنەوەیان بەو ئاسانیە نابێت کە کەمالیەکان لەتورکیا کردیانو حوکمی ئیسلام لەوڵاتێکی فرەنەتەوەی وەك ئێراندا بەناوی ئیسلامەوە لەبیر خۆیان بردەوەو ژێرپێیان نا.

* نووسەرو رووناکبیر

institut kurde de paris

# سەردانەکەی جاك سترۆ، نیگەرانیەکانی.. تورکمان و ئیسلامیەکان

دیما هاشمی



سەردانی جاك سترۆ بۆ کوردستان و لێدوان و دیدارە گەرمەکانی لەگەڵ لایەنە تورکیەکاندا، بوە مایەی ئومێدێکیتر بەئازادیو دیموکراسی لەناوچەکەو هێنانە کایەی حکومەتێکی فیدراڵی. کە ئەمەش هێنانەدی بەشێکی زۆری ئامانجی گەلی کوردستان بووە.

هەرچەندە جاك سترۆ لەوەڵامی پرسیارێکی پەیامنێری کوردستان دا سەبارەت بەهەڵوێستی حکومەتی بەریتانیا لەو ریفراندۆمەی کە گەلی کورد لەعێراقدا داوای دەکات بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووسی خۆی.

وەزیری دەرەوەی بەریتانیا جەختی لەسەر هەڵوێستی بەفەرمی حکومەتەکەی کردەوە کە هەڵوێستێکی روون و ئاشکرایە کە پارێزگاریکردنە لەیەکپارچەیی خاکی عێراق بەو سنورەی ئێستا هەیەتی دیارە ئەم هەڵوێستەش هیچ مانایەکیتر و لێکدانەوەیەکیتر نابەخشێت کە لەئێستادا هەر هەڵوێستێکی پێچەوانەی ئەمە دەبێتە جێگەی مەترسیەکی تر لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن و ئەو حکومەتە کاتیەی کەدەبێت بەهاوکاری حکومەتی ئەمریکاو بەریتانیا دامەزراوەو پشتیوانی لێدەکەن.

هەرچەندە پێدەچێ حکومەتی بەریتانیا لەناوچەکانی باشوری عێراقدا کە لەژێر کۆنترۆڵی بەرتیانیادایە، جۆرێك لەپشتیوانی بۆ جیابونەوەی هەرێمێکی فیدراڵی بدات. بەڵام هەڵوێستی ئەمریکا ئاشکراو زۆریش روونە کەنایەوێت عێراق سنورەکانی لەئێستادا هیچ گۆڕانێکی بەسەردا بێت.

هەرچەندە هەڵوێستەکان ئەوەندە ئاشکران. کەچی لایەنە تورکمانیەکان و ئیسلامیو عەرەبە شۆڤینیەکان بەهاتنی جاك سترۆ بەتەواوی نیگەرانی دایگرتوون و پێیان وایە کە ئەمە جۆرێکە لەدانان بەسەربەخۆی ناوچەکە.

هەراسان بوونی تورکمان لەسەردانەکەی (جاك سترۆ) لەبەیانێکی بەرەی تورکمانیدا دەربڕا، کەسەردانی شاری کەرکوکی کردبوو لەوێش چاوی بەنوێنەرێکی گەلی تورکمان کەوتوە کەلەدەرەوەی بەرەی تورکمانیدایە. کە ئەمەش مایەی خۆشحاڵی بەرەی ناوبراو نیە، عەرەبەکانیش لەهەندێك هەڵوێستی جیا جیادا نەیانتوانی ئەم نیگەرانیە بشارنەوە لەشەوی رابردوودا لەبەرنامەی (حوار مفتوح)ی کەناڵی جەزیرە لێپرسراوی پەیوەندی عەرەبی ئێرانیش کە لەگەڵ نوێنەری موقتەدا سەدردا دانیشتبوو نەیتوانی نیگەرانی خۆی بشارێتەوەو باشتر لەهەموو کەس ئاگاداری ئەو پێشکەوتنانە بوو کە لەهەرێمی کوردستاندا هاتونەتە دیو دروستکردنی فرۆکەخانەکانی نێو دەوڵەتی هەولێرو کانە نەوتیەکانی تەق تەقی بەسەرەتای جیاکاری و بوونی هێزەکانی ئیسرائیلی لەکوردستاندا ئەژمار کرد کە بەڕاستی ئەم هەڵوێستە پڕ لەدژایەتیانەی کە ئەم لایەنانە دەریدەبڕن بەرامبەر گەشەکردنی لایەنی سیاسیو ئابوری کوردستان هەر پێویستی بەجیابونەوە لەو کەلتورە بێ شەرمەی ئەوان هەیە.

# نووسینی پرسە لە تەلەفیزیۆنەکاندا

عەبدوڵڵا ئەحمەد *

ئەگەر سەیری کەناڵەکانی (TV) بکەین لای خۆمان لەدەستپێکی بەرنامەکانیانەوە کە تلیتێکستە زانیاری سودبەخش بڵاودەکەنەوەو هەروەها گۆرانی یان مۆسیقایەکی سەرنج راکێش لەگەڵیدا دادەبەزێت، بەڵام لەناکاو ئیقاعی تیلیتێکست دەگۆڕێ و لەگەڵ پارچە مۆسیقایەکی غەمگین دا ژمارەیەکی زۆر پرسە بڵاودەبێتەوە، بۆ نموونە ئەنوسرێ (هاوڵاتی عەبدوڵڵا ئەحمەد برای بەختیارو هیواو ئومێد کۆچی دوایی کردووەو پرسەکەی لەمزگەوتی مەولەوییە لەسەرچنار) یاخود فلانی کوڕی فلان بەکارەساتی ئوتومبێل یاخود بەنەخۆشییەکی کوشندە گیانی لەدەست داوە، سبەینێ یەکەم رۆژی پرسەکەیەتی یا دووەم رۆژی پرسەکەیەتی لەمزگەوتێکی دیاریکراو.

لێرەدا من چەند سەرنجێك ئەخەمە ڕوو کە هیوادارم (TV) یەکانی لای خۆمان پێیدا بچنەوە، بۆ نموونە منداڵ لەقۆناغی سەرەتاییدا تامەزرۆی ئەو زانیاریانەیە کە بۆیان پەخش دەکەن لەتیلیتێکستدا بەڵام بوونی نووسینی پرسە لەناو ئەو تۆڕی زانیارییەدا کە لەڕێی شاشەوە پەخشی دەکەن کاریگەری خراپی هەیە لەسەر حاڵەتی دەروونی منداڵ چونکە راستەوخۆ ئێوە مردنی بیر دەخەنەوەو ئەیبەنەوە ناو جیهانی مەرگ. باوەڕتان هەبێت جاری وا هەیە نەك کاریگەری خراپی لەسەر سایکۆلۆژی منداڵ بەڵکو لەسەر گەورەش دروست دەکات چونکە ئەم هەموو پرسە یەك لەدوای یەکە سەرت دەسوڕمێنێ و وادەزانی بەدرێژایی ئەمڕۆ ئیزرائیل لەسلێمانی بووەو کۆڵان بە کۆڵان گەڕاوە، بۆیە هیوادارم نووسینی پرسە لە (TV) یەکان دا پێیدا بچنەوە و بزانن سودی زۆرترە یاخود زیان.

چونکە (TV) جیاوازە لەهەموو بوارەکانی تری رۆژنامەگەری و دێتە نێو هەموو ماڵێك و ناچاری بەوەی سەیری بکەیت و گوێشیی لێبگریت، بۆیە دەکرێت کەناڵە ناوخۆیەکانی (TV) بەدوای رێگە چارەیەکی تردا بگەڕێن هەوڵی لابردنی نووسینی پرسە بدەن، یان هەموومان پێکەوە چارەسەرێك بدۆزینەوە چونکە هەرگیز وتەی ئەو مێر منداڵەم بیرناچێتەوە کەپێی وتم: (لەڕۆژێکدا چۆن ئەو هەموو خەڵکە دەمرن). دیارە ئەمە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەو رێژە زۆرەی نووسینی پرسە لەشەوێکدا بڵاودەکرێتەوە کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر سایکۆلۆژیای دروست کردووە و رەنگە بەدرێژایی ئەو شەوە تەنها شت کە بیری لێکردبێتەوە مردن بوبێت، کە ئەمەش دیاردەیەکی تەندروست نییە بەهۆی نووسینی پرسەوە کەسانێك هەبن بیر لەمردن بکەنەوە لەکاتێکدا دەکرێت ئێمە زۆرترین فەزایان بۆ برەخسێنین بۆئەوەی بەردەوام بیر لەژیان بکەنەوەو هەوڵ بدەین زۆرترین کارئاسانیان بۆ بکەین کە خۆشەویستییان بۆ ژیان هەبێت و نەوەیەك پەروەردە بێت نەوەیەکی ژیان دۆست، نەوەیەك کە زۆرترین رێزو حورمەتی ژیانی لابێت و باوەشی کردبێت بەژیاندا.


* شاعیرو رۆژنامەنووس

# سەردانی جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراق و کەمتەرخەمی میدیای کوردی

ئاریا جەمال

پاش سەردانی عەلاوی بۆ کوردستان وەك یەکەم سەرەك وەزیرانی عێراقی نوێ، لەچەند رۆژی رابردوودا، فرگەکانی سلێمانی و هەولێر پێشوازیان لەکەسی دووەمی دەسەڵاتی بەرێوەبردن لەعێراق کرد، د. بەرهەم احمد صالح، بۆیەکەمین جار وەك جێگری سەرۆك وەزیران و لەسەر ئاستێکی رەسمی گەیشتە کوردستان، سەردانی د. بەرهەم هەرچەندە لەرووی میدیاو پێشوازی رەسمی حکومەتەوە گرنگی زۆری پێنەدرا، بەڵام ئەم سەردانە بۆخۆی مەغزاو گرنگی خۆی هەیە، هاتنی بەرپرسێکی عێراقی جگەلەوەی ئەوە دەگەیەنێت کە هەرێمی کوردستان هەرێمێکی فیدراڵ و سەربەخۆیە لەبەرێوەبردندا چونکە بەرپرسە پلە باڵاکانی عێراق بەشێوازی رەسمی سەردانی دەکەن، بەهەمان شێوە بۆ لێك گەیشتن و توندو تۆڵ کردنی رایەڵەکانی پەیوەندی هەرێم و ناوەند، گرنگە د. بەرهەم سەردانی کوردستان بکات، چونکە بەدڵنیاییەوە کوردێك باشتر لەبیروبۆچوون و رایەکانی حکومەتی هەرێم و سەرکردایەتی سیاسی کورد دەگات وەك لەکەسایەتییەکی تر، کەشۆڤێنی بێت یان ئاینییەکی مەزهەبی، د. بەرهەم کەدێتە کوردستان دەزانێ لەسەرچی گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی هەرێم و سەرکردایەتی کورد دا دەکات، دەزانێت چ پرۆژەیەکی پێویستە تایبەتە پرۆژەکانی حکومەتی عێراقەوە.

هەموو ئەو قسانەی کەدەکرێت لەسەر ئەو سەردانە بیکەین و خوێندنەوەی جیاوازو دژ بەیەکیشمان هەبێت بۆی، بەڵام کەلەفرگەی نێو دەوڵەتی سلێمانی دەنیشێتەوە، ئەمەش دەکرێت قسەی تری لەسەر بکەین، بەرەسمی ناساندنی فرگەی سلێمانی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە ساتە وەختی بەرەسمی ناساندنی دەزگایەکی گرنگە لەمێژووی سیاسیی و ئیداری و کۆمەڵایەتی کوردستاندا، فرۆکەخانە یەکێکە لەو دامەزراوە گرنگانەی کەدەکرێت بڵێین وادەکات گۆڕانی گەورە لەکوردستاندا دروست بکات.



بەبوونی فرگە دەتوانین گەورەترین رایەڵەی پەیوەندی راستەوخۆ لەگەڵ جیهاندا دروست بکەین، کوردستان کەلە ساڵانێکی رابردوودا کەمترین و بەرتەسک ترین رێگای هەبوو بۆ پەیوەندی بەجیهانی دەرەوە، بەڵام بەرەسمی ناساندنی ئەم فرگەیە وادەکات کەپەیوەندی سیاسی، بازرگانی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی گەورە فەراهەم بکرێن کەئەمانە دەبنە بەردی بناغەی کوردستانێك کە دەکرێ لەداهاتوودا، فۆرمی خۆی دیار بکات. کەواتە هاتنی د. بەرهەم و دابەزینی لەفرگە هەردووکی گرنگی خۆی هەبوو، بەڵام پێدەچێت هیچ میدیایەکی تر گرنگی بەم سەردانە گرنگە نەدات، دەبوو میدیاکان لەوە تێبگەن د. بەرهەم ئەمرۆ جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراقە، لەسەر ئاستی جیهانی و ناوچەیی لێدوانەکانی سەنگی خۆی هەیە، کەچی میدیاکانی کوردستان، تەنانەت یەك ووتەیان لەلێدوانەکانی کەلە سلێمانی و هەولێر دای، بڵاو نەکردەوە. دەبوو میدیای کوردی، د. بەرهەمی وەك کوردێکی دەسەڵاتداری عێراقی فیدراڵ سەیر بکردایە، نەك بەجۆرێکی دیکە.

میدیای کوردی لەلێکدانەوەو گوێزانەوەی هەواڵدا هەژارترین میدیایە، بەڵام خۆسەردانەکەی جێگری سەرەك وەزیرانی عێراق لەسلێمانی و هەولێردا بوو، هیچیش دوور نەبوو لەئۆفیسی میدیاکانەوە.

بەهیوای هەست بەبەرپرسیارێتی زیاتری میدیاکانی کوردستان لەبەردەم ئەرکە رۆژنامەگەرییەکانیاندا.

# حیزبی تازە وەکو نەوەی تازەو قەیرانی شوناسی سیاسی یان پەتای ئیرادەگەرێتی شەخسی

نەبەز محەمەد

ئاماژە:

لەکوردستاندا, حزبەکان زوو زوو دەزێن, واتە حزبۆچکەیان دەبێت، هەر زوو زووش حزبۆکە وردیلەکان لێکدەئاڵێنەوەو بەناوی یەکگرتنەوەوە لەگەڵ یەکێك لەپارتە دایکەکان، کە هەردەم ئامێزێکی چراخانیان هەیە. تێکەڵو پێکەڵ دەبنەوە, تەنانەت ئەم دیاردەیە لەکوردستاندا تا ئاستێکە کە هەندی جار ئەو حزبەی هەواڵی ئینشیقاقەکەی بڵاودەبێتەوە، لەگەڵیدا بۆیەکەمین جار ناوی ئەو حزبە دەبیستین و تێدەگەین کە حزبۆچکەیەکیش بەو ناوە هەبووە.

هەر بەم ئاماژە سادەیە بەئاسانی تێدەگەین، لەماڵی کورددا، ئینشیقاقە سیاسیەکان ئەوەندەی هەڵگری چەمك و مانای لەتوکوت بوونن و، دەرەنجامی تاکتیك، هەڵخیسکاندن، بێئەرزش گرتنی دۆزی سیاسیی و رێزنەگرتنی خواست و ویست و ئیرادەی گشتین, نیوئەوەندە دەرەنجامی گەشەی ئەقڵی سیاسیی و پێویستبونی تێزو هزری تازە لەمەڕ روداو و گۆڕان و وەرچەرخانەکانی سەردەم و پێشهاتە مێژووییەکان نین.

هەڵبەتە بەهیچ شێوەیەك، ئەم قسانە بۆ بەرگری لە (تابۆ)کردنی رای جیاوازو حەرامکردنی حزبی نوێ نیە. بەڵکو بەپێچەوانەوە رەخنەم ئەوەیە کە ئەم لێکترازان و کەرتوپەرتبونەی حزبەکان، بەکەمترین ئاستیش ناچنە نێو ئەو چوارچێوەیە, چونکە ئەوانەی چالاکی لەژمارەی حزبەکاندا دەکەن و رۆژنارۆژێك حزبۆچکەیەك قوت دەکەنەوە پتر وەکو کودەتاچیەك دەردەکەون نەك هزرەڤانێکی سیاسی، یان کارەکتەرێکی سیاسی جیاواز، کە بەهزرێکی رەخنەیی قوڵی سیاسیەوە، هەڵوێست لەمەڕ روداوە هەنوکەییەکانی ئێستای ئێمە وەرگرن.

ئەگەر وانیە، ئەی بۆچی لەنێو کایە جیاجیاکانی حزبدا، ئەمانە هیچ هێڵێکی رەخنەیی سیاسیان تۆخ نەکردۆتەوە؟

بێگومان لەدایکبونی هەر دیدو راوبۆچونێکی نوێ و تازە, هێنانە ئارای هەر ئەندێشەو فکرێکی تۆکمەو بەبڕشت، دوابەدوای خوێندنەوەیەکی قوڵی رەخنەیی هەمەلایەنەی پشت بەستوو بەتەواوی چەمك و کەرەستە فەلسەفیەکانی هەرکام لەکایەکان، دەتوانێ هەنگاوی ئاسایی خۆی هەڵگرێ. بەمانایەکی تر، هەر سەرهەڵدانێکی نوێ، بەدەرك کرنێکی رادیکاڵانەی هەمەلایەنەی هەمان ساتەوەخت و پشکنین و بنبڕکردنی هەموو دیوە دیارو نادیارەکانی، یان هەموو رایەڵە پساو و لاوازەکانی رابوردوی خۆی و تێگەیشتنێکی دەوڵەمەند لەهەموو دیاردە و دەرکەوتەو هێشتا دەرنەکەوتوەکانی بەردەم و سەردەمی خۆی دەتوانێ زەمینەی تاڕادەیەك سەرکەوتن مسۆگەر بکات.

بەڵام ئایا ئەم حزب زاندن و هەڵتۆقینی حزبۆچکانە، لەناو ماڵی دەڵەمەو نەبەکامی کورددا، دەرهاتوی جۆرە خوێندنەوەیەکی وەها سیاسی و بابەتین؟!

> **ئینشیقاقە سیاسیەکان ئەوەندەی هەڵگری چەمك و مانای لەتوکوت بوونن و، دەرەنجامی تاکتیك، هەڵخیسکاندن، بێئەرزش گرتنی دۆزی سیاسیی و رێزنەگرتنی خواست و ویست و ئیرادەی گشتین, نیوئەوەندە دەرەنجامی گەشەی ئەقڵی سیاسیی و پێویست بوونی تێزو هزری تازە لەمەڕ روداو و گۆڕان و وەرچەرخانەکانی سەردەم و مێژوویی نین**

دیارە بەهیچ شێوەیەك ناکرێ نکولی لەو راستیە بکەین، کە ئەمڕۆ لەکوردستاندا، نەوەی نوێ دڕدۆنگن لە خاوخلیچکی هەڵوێستی سەرانی سیاسی کورد. ناکرێ چاو لەو واقعە بنوقێنین کە نەوەی نوێ، کەمترین دەرفەتی هەیە بۆ تەعبیرکردن لەخۆی و دیاریکردنی شوناسی سیاسی خۆی" نەوەی نوێ وەك هەمیشە لەبەردەم هەڕەشەی رەوشت پەرستەکاندایە، هەمیشەش بەگومانە لەئایندەو چارەنوسی خۆی, نەوەی نوێ کە هەمیشە فەزلی نەوەی دێرینی بەسەردا دەدەن کەمترین هەلی گەشەکردنی بۆدەڕەخسێت, بەکورتی نەوەی نوێ لەو پێویستیە بەدەر نیە کە لەرێگای هێزێکی جدی ئەقڵانیەوە تەعبیر لەخۆی بکات, نەوەی نوێ زیاد لەنەوەکانی پێش خۆی، پێویستی بەهێزی بیرکردنەوە هەیە, بەڵام ئایا ئەم هێزی بیرکردنەوە لەکام یەکێتی ئیرادەی گشتییەوە دەستکەوێ؟! یان نەوەی نوێ چۆن بتوانێ ئیرادەی رەخنەیی خۆی یەکبخات؟ ئایا نەوەی نوێ، کێشەی نەبونی حیزبێکی مۆدێرنە؟ لەکاتێکدا نەوەی ئێستا خاوەنی رەخنەو خوێندنەوەیەکی جدی واقعی خۆی نیە, ئاخر رەخنەی جدی هزرێکی کامڵ و هەڵکشانێکی باشی هۆشیاری دەوێ. چونکە هەردەم مۆدێرن بون پەیوەست بونێکی پتەوی لەگەڵ ئاستی دەرککردنی واقعی خۆی هەیە, ئەگەر مۆدێرن بون بەمانای (ئێستایی بون) بێت, ئایا نەوەی ئێستا بەهزرێکی (ئێستا)یییەوە، لەئێستادا دەژی؟

بەرای من قبوڵکردنی ئەوە کە (نەوەی ئێستا نەوەیەك نیە بەهزرێکی هەرسکراوی ئێستاییەوە بژی) زۆر گرنگە، چونکە لێرەوە دەتوانین بەشوێن وەڵامێکی فراوانتردا بگەڕێین. بەرای من نەوەی ئێستا نەوەیەك نیە بەهزرو تەنانەت خەیاڵێکی رەخسیو و رسکاوی ئێستاوە بژی، ئەوەندەی نەوەیەکە تێکەڵ بەترس و نیگەرانی لەتازەبونەوەو ئێستاییبون لەلایەك, لەسەرێکی دیکەوە گەمەکەرێکی ناشی بەکەرەستەکانی مۆدێرنە.

لەم سەرنجە کورتەوە، لەسەر نەوەی ئێستا, تێدەگەین کە ئەم نەوەیە, نە لەئاستی رەخنەگرتنێکی جدیدایە, نە دەتوانێ وەکو پێویست بەو ئاقارەدا بڕوات" یان لەڕاستیدا نایەوێت بەو ئاراستەتەیە ئیش بکات. (ئەگەرچی لەنەوەی ئێستاداو ورنگەورنگێکی ناڕەزایی هەیە, بەڵام هەر دەنگێکی ناڕەزا مەرج نیە خاوەنی توانایەکی رەخنەیی بێت, وەکو پێشتر وتمان، رەخنە ئاستێك لەباکگراوندی مەعریفەو فەلسەفی دەوێت).

کەواتە, ئەگەر نەوەی ئێستا لەئاستی خۆدەربڕینی پێویست و چەسپاندنی هزرو رایەکی کامڵدا نیە، لەمەڕ روداوەکان, ئەگەر نەوەی ئێستا خاوەنی ئەو باکگراوندە مەعریفییە رەخنەییە نیە، لەهەمبەر ئێتیك و مۆراڵە کۆمەڵایەتییەکان و کلتوری داسەپاوی دەسەڵاتە سیاسیەکانی بەردەمیدا, ئەدی ئەم حزب زاندن و قوتکردنەوەی حزبۆچکانە لەکوێوە سەرچاوەدەگرێ؟!

پێویستە ئەوەش بوترێ کەنەوەی ئێستا کەمترین هێزو روناکی لەپشتە، بۆ خۆبنیات نانێکی مۆدێرن و ئاراستەکردنی خۆی، لەبەرامبەر هەر پاڵپشتی و وزەیەکدا، دەبێ باجی یاخیبوون لە لەقاڵبدان بدات، کە زۆرجار ئەو باجە لەئاستی مل شکاندایە،..

institut kurde de paris

## پەیامی لاپەڕە

**حەمە بچکۆڵ**

هەر لەسەرەتای بوونەوە ململانێ لەنێوان بونەوەراندا هەبووە، ململانێ لەنێوان جۆرەکانی بونەوەرێکدا، ململانێ لەگەڵ سروشتدا، ململانێی هاوپیشەکان لەگەڵ خۆیاندا، ململانێی هونەرمەندان، ئەدیبان، رۆژنامەنوسان و زاناکان.. هتد، ئەم ململانێیەش چەندین ململانێی تری لێکەوتۆتەوە، لەوانە ململانێی نێوان کۆن و نوێ، کەئەم ململانێیەش، هەموو بوارەکانی ژیانی گرتۆتەوە بەوەرزشیشەوە، لەوەرزشداو لەهەموو جیهاندا، ململانێیەکی هەمیشەیی هەبووەو هەیە لەنێوان وەرزشکاری کۆن و نوێ، وەرزشکاری کۆن بەرگری لەقەوارەو لەمێژوو، لەئاستی هونەری، رەوشتی، دڵسۆزیو..هتد، ئەکات، زۆربەی هەرە زۆری خۆی بەخاوەنی سەروەرییە مەزنەکانی ئەو شارو وڵاتو تیپە دائەنێ کەوەرزشی تیادا کردووەو پێی وایە ئیتر کەسی تر ناتوانێت و بۆی نیە شوێنیان بگرێتەوە، بەڵکو وائەزانن خۆیان مێژوویەکی وەرزشین و دوبارە بوونەوەیان دەگمەن و زەحمەتە.

هەرچی وەرزشکاری نوێش هەیە، زۆربەیان دەیانەوێ لەپڕێ ببن بەکوڕێ، بەبێ ئەوەی هیچ حسابێك بۆ ماندوێتی ئەو وەرزشکارە دێرینانە بکەن، بێ سڵمینەوەو رێز گرتنیان پێ بەسەر مێژوو، ناوو ناوبانگیان و ماندوێتیاندا ئەنێن و ئەیانەوێ لەسەرجەم پلەو پایەو جێگەو رێگەو ئاستە وەرزشییەکاندا، کۆنەکان دەربکەن و خۆیان جێگەیان بگرنەوە، کەئەمەش بێ وەفاییو ناهەقییەکی گەورەیە دەرهەق بەو وەرزشکارە دێرینانە، هەرچۆن بێت داگرتن و بەزۆر خۆسەپاندنی وەرزشکارە کۆنەکان" کارێکی ناشیاوو دیکتاتۆریانەیە کەبەرامبەر وەرزشکارە نوێکان دەیکەن.

بەڵام ئەگەر بەتەرازوویەکی داد پەروەرانە ئەم ململانێو کێشەیەی نێوان وەرزشکارە کۆن و نوێیەکان هەڵبسەنگێنین، ئەوا بەئاسانی ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێت، کەدنیای وەرزش" دنیاو پانتاییو قەبارەیەکی ئێجگار زل و زەبەندو فراوانە، جێگەی هەمووانی لەکۆن و نوێ تیادا دەبێتەوە، لەوەرزشکاری کۆن و نوێماندا بۆچوونی باش و خراپ هەیە، بەڵام بەکۆن و نوێمانەوە، پێویستە بیری وەرزشیی باش و قسەی وەرزشی باش و کاری وەرزشی باش بکەین، لەپێشەوە وتوێژو لێکۆڵینەوە لەگەڵ ویژدانی خۆماندا بکەین، بەرژەوەندی وەرزش بخەینە پێش بەرژەوەندی خۆمانەوە، وەرزش جیهانێکی بەربڵاوە و لەبەر چاوان ناشاردرێتەوە، لەئەنجامیشدا وەرزشکاری راستەقینەو خاوەن پەیامی پیرۆز لەگۆرەپانی وەرزشدا دەمێنێتەوە، چ کۆن بێت، چ نوێ.



مامۆستا "ئەحمەد سالح ئەحمەد" وەرزشکارێکی دێرینی سلێمانییەو

# قۆناغی یەکەمی خولی فوتبۆڵی یانە پلە نایابەکانی کوردستان کۆتایی هات



(کۆیە، سیروانی نوێو سۆلاڤ)یش، لەکۆمەڵەی خۆیاندا لەململانێیەکی بەهێزدان..

هەینی رابردوو ٢٠٠٤/١٠/٨ قۆناغی یەکەمی خولی فتبۆڵی یانە پلە نایابەکانی کوردستان کەلەیارگاکانی (سلێمانی، ئەزمەر، کۆیە، کەلار) ئەکرێ، بەسەرکەوتوویی کۆتایی هات....

لەکۆمەڵەی یەکەم دا یانەی وەرزشی سلێمانی لەپێشەوەی هەموو یانەکاندایەو لەکۆی حەوت یاری بیستویەك خاڵی رێكو پێکی بەدەست هێناوە، بەوپەری دڵنیاییەوە، پاڵی لێداوەتەوە...


نزیکترین دوو تیپ لەسلێمانیشەو هەردوو یانەی (الثورة)و یانەی (پێشمەرگە)یە، کەهەر یەکەیان دوانزە خاڵیان بەدەست هێناوە، بەڵام یانەی (الثورة) بەجیاوازی گۆڵ لەپێش یانەی پێشمەرگەوەیە، بەمە یانەی (الثورة) ئەبێتە دووەم و پێشمەرگەش ئەبێتە سێیەمی ئەم کۆمەڵەیە.

لەکۆمەڵەی دووەمیش ململانێیەکی توندو بەهێز لەنێوانی یانەکانی (کۆیە، سیروانی نوێ، سۆلاڤ)دا هەیە.. یانەی کۆیە سیانزە خاڵی هەیەو لەلوتکەی ریزبەندە کۆمەڵکەدایە، هەردوو یانەی سیروانی نوێو سۆلاڤیش، کەهەر یەکەیان دوانزە خاڵیان هەیە، بەڵام بەجیاوازی گۆڵ یانەی سیروانی نوێ لەپێشەوەیە، لەلایەکی تریشەوە یانەی سیروانی نوێ، سکاڵا نامەیەکیان پێشکەش بەیەکێتی ناوەندی فوتبۆڵی کوردستان کردووە، تیایدا رەخنەیان لەتیپی ئازادی گرتووە، گوایە چوار یاریزانی عەرەبیان لەیاریەکەیان لەگەڵ یانەی سیروانی نوێ دا یاری پێکردووە، کەبەگوێرەی رێنماییەکانی یەکێتی فتوبۆڵی کوردستان ئەبێ هەموو یانەیەك لەسێ یاریکەری خەڵکی دەرەوەی سلێمانی نابێت زیاتر یاری پێ بکات لەیەك کاتدا، ئەمەو ئەگەر سکاڵانامەکەی یانەی سیروان سەربگرێ، ئەوا یانەی وەرزشی سیروان ئەچێتە لوتکەی ریزبەندی کۆمەڵەی خۆیەوەو لەدوانزە خاڵەوە ئەبێت بە پانزە خاڵ و کۆیەش بە سیانزە خاڵ دووەم ئەبێت و سۆلاڤیش بە دوانزە خاڵ ئەبێتە سێیەمی کۆمەڵەی خۆی..

# مامۆستا ئەحمەد سالح

## بروانامەی راهێنەری نێودەوڵەتی لەشمشێر بازیدا بەدەست هێنا

سەرپەرشتیاری تایبەتمەندی وەرزشە لەبەڕێوەبەرێتی چالاکی وەرزش و دیدەوانی سەر بەپەروەردەی سلێمانی، ئێستا جێگری سەرۆکی یەکێتی ناوەندی شمشێربازی عێراقە، لەم مانگەدا وەك سەرۆکی شاندی شمشێربازی عێراق چووبۆ عەممانی پایتەختی ئەردەن و لەوێ بەشداری لەخولێکی راهێنانی شمشێربازی کرد بەهەر سێ جۆرەکەیەوە (شیش، شمشێری عەرەبی، شمشێری موبارەزە)، کەبەسەرپەرشتی (میستەر بۆب) سەرۆکی لیژنەی هونەری یەکێتی موبارەزەی نێودەوڵەتیو دوو پسپۆری بولغاریتر ئەنجامدرا، شایەنی باسە خولەکە بەناوی خولی (هاریکاری ئۆڵۆمپی موبارەزە)بوو، کەلەرۆژی ٣-٢٠٠٤/٩/١٤ی خایاندو مامۆستا (ئەحمەد سالح)یش، بەبروانامەیەکی موبارەزەی نێودەوڵەتییەوە گەرایەوە بۆ کورستان، بەناوی لاپەرەی وەرزشەوە پیرۆزبایی لێئەکەین.



## بۆچی کورسیەکانی یاریگای سلێمانی ئەشکێنن؟

لەسەر بوودجەی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان، یاریگای سلێمانی بەبری ٨,٥ ملیۆن دیناری سویسری بەجوانترین شێوە دروستکرایەوە، لەکۆشکیلەکەیدا (المقصورە)، ژمارەیەکی زۆر کورسی رێكوپێك دانراوەو بەزەوییەوە چەسپ کراوە بۆئەوەی جەماوەری سەیرکەر بەوپەری خۆشیودڵنیاییەوە بێن و دابنیشن و بەئارەزووی خۆیان پاڵی لێبدەنەوەو سەیری پێشبرکێ وەرزشییەکانی فوتبۆڵ و گۆرەپان و مەیدان بکەن، کەچی بەداخەوە هەندێ خەڵکانی چەقاوەسوو کەوا دیارە بەهیچ جۆرێك نەگیانی هاونیشتمانێتیان تێدایەو نەگیانی وەرزشیان تێدایە، هەڵساون بەشکاندنی هەندێ لەو کورسیانە،..

ئەو کورسیانە دیاری حکومەتی هەرێمی کوردستانی خۆمانە بۆ جەماوەری وەرزشی خۆمان، بۆچی ئەیشکێنن؟ دیارە ئەمە دەستێکی گێرەشێوێن و ناپاکی لەدواوەیە!!

# یەکێتی فوتبۆڵی کوردستان خولێکی دۆستانە لە سلێمانی ئەکاتەوە

رۆژانی ٩-٢٠٠٤/١٠/١٥ پشووی خولی فتبۆڵی یانە نایابەکانی کوردستانە، واتە تەواو بوونی قۆناغی یەکەمی خولی ناوبراوە، بۆ خۆئامادەکردنی هەندێ لەیانە پلە نایابەکانی عێراق بۆ خولی فتبۆڵی وەرزی نوێی یانە پلە نایابەکانی عێراق، بەتایبەتی بۆ خۆ ئامادەکردنی هەردوو یانەی سلێمانیو سیروانی نوێ، یەکێتی ناوەندی فتبۆڵی کوردستان، هەڵدەستێت بەسازدانی خولێکی دۆستانە لەنێوان چەند یانەیەکی عێراقدا بەبەشداری هەردوو یانەی سلێمانیو سیروانی نوێو پێدەچێت یانەکانی (الزوراء، قوة الجوية، نفط الجنوبي)، هەندێ یانەی تریشی تیادا دەبێت، بێگومان ئەمەش دەبێتە هۆکارێکی باش و کاریگەرو هاندەر، بەتایبەتی بۆ هەردوو یانەی سیروانی نوێو سلێمانی، کەئەزمونێکی کەمتریان هەیە لەخولی فوتبۆڵی یانە پلە نایابەکانی عێراقدا، چاوەرێی ئەنجامی دڵخۆشکەرو ئاستی هونەری بڵندی فوتبۆڵی ئەم دوو یانەیە ئەکەین، جەماوەری فوتبۆڵی شاری سلێمانیش" زۆر بەگەرمییەوە لەچاوەروانی ئەم خولەدان..

# لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان" پێشوازی لە شاندی (لیژنەی باڵای وەرزش لەکوردستان) کرد

ئێوارەی رۆژی چوارشەممە ٢٠٠٤/١٠/٦ شاندێکی لیژنەی باڵای وەرزش لەکوردستان، لەشاری هەولێرەوە گەیشتنە سلێمانیو لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان، بەگەرمی پێشوازیان لێکردن، شاندەکەی هەولێر کەپێك هاتبوو لەبەرێزان (د. ئالان قادر، سەفین کانەبی، طارق عبدالرحمن)و چەند ئەندامێکیتر، لەبارەگای لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان دانیشتنێکیان لەگەڵ ئەندامانی کۆمیتەی تەنفیزی لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان کرد کەبریتی بوون لەبەرێزان (هەڵگورد عارف، صلاح الدين عصام الدين، کمال قادر، عمر احمد، کەژاڵ کاکە حەمە، حەربی خالد، ئیبراهیم قاسم)، لەو دانیشتنەدا کەنزیکەی سەعاتێکی خایاند، وتوێژ لسەر چەند بابەتێك کرا لەوانە:

١- سستی بەرێوە چوونی بریارەکانی دانیشتنەکانی پێشوو، هەوڵدان بۆ خستنەگەری ئەو بریارانە بەشێوەیەکی خێرا.

٢- دانانی دادوەران و سەرپەرشتیارانی هەموو جۆرە یاریەکانی ژێر رکێفی لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان، بۆ یاریەکانی ژێر رکێفی لیژنەی باڵای وەرزش لەکوردستان و بەپێچەوانەشەوە.

٣- پێکهێنانی خولێکی فوتبۆڵی (کاس) لەنێوان یانەکانی سەرجەم کوردستان، لەنزیکترین دەرفەت دا.

٤- ئەم خاڵەیان کەخاڵی سەرەکی دانیشتنەکە بوو، هەوڵدان بۆ تێکەڵ بوونەوەی هەردوو لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان و لیژنەی باڵای وەرزش لەکوردستان، بەزووترین کات.



(ئۆین) تووشی لێدان دەبێت لەهەوڵی تۆمارکردنی گۆڵ لە وێڵز



شارا بوفا جامی پاڵەوانێتی تۆکیۆ بۆ تێنسی سەر زەوی بەرزدەکاتەوە



بردنەوەی ئەرجەنتین لە ئۆرۆگوای (٤) گۆڵ بەرامبەر (٢) گۆڵ

Institut kurde de Paris

